دەربارەی حکومەتی دژە شەشی "نیشتمانی"، و ئەرکەکانمان...

موئەیەد ئەحمەد

مژووی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لە ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) گەیشتە قۆناغێک لەعیراقدا کە ناتوانرێ بگەڕێنرێتەدواوە، ئەمەش لەووی ئەو پەرلەمانتارەی کە هەویداوە لە پەیوەندی نێوان چینەکانی ناو ئەم وڵاتە و لەووی ئەو کوتەکەی کە تایبەتمەندیە هەڵگرەکانی ژێم و سەرواندیشیە هەژمۆنی فیکری و سیاسی و بەها کۆنەپەرست و پیاوسالاریەکانیان لە ئاستی کۆمەڵگەدا.

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە دوای سەرکوتی خوێناوی تایبەتین، و ململانێکانی ئەستاش لەنێو کەمپی هەژمۆنکانی ژێمدا لەسەر شێوەی حکومەت و هاوەندەکانی تر، سەرجەمیان بریتین لە سیاسەت و کردار و تاکتیکی دژە شەشی هەژمۆنە کۆنەپەرستەکان کە بە سەرکوتی بە پەردە و خنکاندنی تایبەتین توانیویانە دەسکەاتی خەیان بسەپێنن.

هەموو ئەم تاکتیک و سیاسەتانە، لە لایەک تەواوکەری سەرکوتی تایبەتینەکە و هەوڵدانن بە هەڵگرتن لە شەشی داهاتوو، و لە لایەکی دیکەوە، هەوڵوتەقەلان بۆ بەدەستێنانی جێگیرکردنی سیستەمی سیاسی و دەوڵەتی بەرژوازی لە عیراقدا لەسەر بنەمای دابەشکردنی کۆمەڵگا بە پێکهاتە ئیسنۆ-تائیفییەکان (Ethno-sectarian) و جێگیرکردنی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەت بەوەی کە ئیسلامی و قەومییە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە، ململانێی ئەستاش لەسەر گەیشتنی شکڵ و شێوەی حکومەت لەنێو ژێمی سیاسی پشکپشکێنەی عیراق، لە حکومەتی "تەوافوق"یەوە بۆ "زەرینەی نەشتیمانی"، جیاکراتەوە لەو گەیانەی کە هاتەدی لە پەیوەندی نێوان چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگای عیراقدا، و جیاش ناکراتەوە لە ڕەنگدانەوەی ئەم گەیانە لەسەر جیگەوڕێگەی باڵ و ڕەوتەکانی ژێم و سیاسەت و ستراتیژیەکانیان.

هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییە کە لەبنەڕەتدا لەووی بەشداریکردنی هاوڵاتیانەوە پەیوەست بوو، ڕەژەی دەنگەکانی سەرجەمی لایەنەکانی دەساەتی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمکردەتەوە و پێگە و هەزی هەندەکیانی بەرامبەر بە هەندەکی تریان گەیوە. مەسەلەی بناغەیی لەم گەیانەدا دابەزینی ڕەژەی ئەو بەشەی ئیسلامی سیاسیە کە نوێنەرایەتی دەکرێت لە لایەن ئەوەی پێی دەوترێ "چوارچێوەی هەماهەنگی" و پاشکۆی ڕەژەیەیتی لە شانەی ئەو ململانێیە

سیاسییەی کە ئێگوزارە سەرباری پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کەماری ئیسلامی ئێران و خاوەندارێتی بە ئاو هەموو پولوپارە و هەزە چەکداریە میلیشیاییەی کە هەیەتی.

هەکاری جەوهەری لە پێداگری ووتی سەدر لەسەر حکومەتی "زەرینە"
لە ووخساری دەرەوەی ململانێکاندا دەربارەی هەڵبژاردنی سەرۆک کەمار و پێکهێنانی "حکومەتی زەرینەی نیشتیمانی" و هەوڵکانیان بۆ بەهێزکردنی ژمی سیاسی ئیستا، هەروەها لە هەموو چرکە ساتەکانی ئێم ململانێ و هەوڵانەدا، بەووونی سیمای فشار و کاریگەرییەکانی هەز و جەمسەرێکی تر دەبینین، جەمسەری جەماوەری کرێکاران و هەژارکراوان و چەوساوەکان و خەباتی ئازادیخوازانیان، کە سەرەای باری ناهەموار و نارەحەتی جەراوجەر، هەڕەشە و فشارێکی گەورە پێکدەهێنن لەسەر ناوەندی سیاسی و ستراتیژی بەرژوازی فەرمانڕەوا و هەوێندە سیاسی و فیکرییە سەرکیەکانی وەات. "حکومەتی زەرینەی نەشتمانی"، کە سەدر ئایەوەت پێکیبهێنێ، شتێک نیە جگە لە فەرمێکی سیاسی پە لە قەیران و ناکۆکی، تا لە هەگیەوە فشار و مەترسیەکانی ئێم جەمسەرەی تر پوچەڵ بکاتەوە، هەروەک چۆن هەڵبژاردنی پێشوەختە و ژمارێک لە مانڕە و سیاسەتی تری هەزەکانی ژێم پاش سەرکوتی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر گرتنەبەری ئێم شێوازە بوو.
هەووتی سەدر ئێم ستراتیژ و سیاسەتە نوێیە دەخاتەوو نێک لەبەرئەوەی بەیارێکی ئارەزوومەندانەیە کە بەئاسانی دەتوانرێت وەلابنرێت وەیا بەیارێک بێت هەکار و هاندەرێکی لابردنی نوری مالکی بێت لە حکومەتی داهاتوو بەهەی هەوەستی شەخسی موقتەدا سەدر لە بەرامبەریدا، بەڵکو لەبەرئەوە دەیخاتەوو کە ئێم ستراتیژە پۆیستیێکی پەرەسەندنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ناکۆکییەکانیەتی لەناو عەراقدا، بەتایبەتی توندوتیژبوونەوەی قەیرانەکانی هەووتی سەدر کە بریتییە لە کەمبوونەوەی کاریگەری و لەرزۆکی بنکە کۆمەڵایەتیێکەی لەناو هەژاران و کارگەران و بەبەشکراوان لە ناوەاست و خواروی عەراقدا.
چ "حکومەتێکی تەوافوقی" بە شیوەی جاران و چ "حکومەتێکی زەرینە" کە بەشەوێکی سەرکی لە هەزەکانی هەووتی سەدر و "چوارچێوەی هەماهەنگی" پێکبهێنری، ناتوانێت سەدرییەکان لەو بنبەستە ڕزگاربکات یان یارمەتیان بدات کاریگەری ئەو قەیرانەی کە دەرگیریانە کەمبکاتەوە، چونکە هەردوو جەری حوکمەتەکە بەناچاری قەیرانی سەدریەکان توندوتیژتر ئۆکاتەوە و هەوێندی لەدەستدانی بنکە کۆمەڵایەتیەکەیان زیاتر ئۆکات. ئێمە هەکاری جەوهەری و بنەڕەتی پێداگری سەدر و هەووتکەیەتی لەسەر پێکهێنانی حکومەتی

"زەرینەی نیشتمانی" بەهاوپەیمانی نێ لەگەڵ هێزەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" بگشتی، بەکو لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی ئەم چوارچێویە واتە لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی ناوچەکانی ژیر نفوزی خۆی.
ئەوەی کە هەوتی سەدر ئەیچنێتەوە لە سیاسەتە پراگماتیکیەکانی بە کرانەوە بەووی ئەو شتەی کە پێی دەڵێن "قووڵایی عەرەبی" ناوچەیی، واتە وڵاتانی عەرەبی و بتایبەتی وڵاتانی کەنداو، هەروەها بەستنی هاوپەیمانی پەڵەمانی لەگەڵ حیزب و هێزەکانی ناوخۆی عێراق "بلۆکی سیادە" و "پارتی دیموکراتی کوردستان" (پارتی)، کە بەجۆرێک پێویستن بەم وڵاتانەوە، بەهێزکردنی ستراتیژ و بڕژەوەندیەکانی ئەم هەوتیە وەک هەوتێکی سیاسی تایفی حکومەتیی. دیارە، هاتنەناوەوەی هێندێک لەوانەی لە "چوارچێوەی هەماهەنگی"دان، چ وەک تاک یان قەوارەی جیا کاریگەرییەکی خراپی ئەوتۆی نابێت لەسەر ستراتیژی سەدر بە پێکهێنانی حکومەتی "زەرینەی نیشتمانی".

حکومەتی زەرینە" و ناوەڕۆکی چینایەتی بڕژوازی دەوڵەت و ژێم
هاوپەیمانی سێ قۆڵی ئێستای نیوان هەوتی سەدر و پارتی و کوتلەی "سەروەری" (کە پێکهاتووە لە "پێشکەوتن" و"عەزم")، بە پێکهێنانی حکومەتی زەرینە، لە یەکەم نیگادا وا دەرئەکەوێت کە هەوتی سەدر لەدەرەوەی چوارچێوەی تایفگەری وقەومیەوە بڕەو پێکهێنانی حکومەت هەیشتبێت. بەواتایەکی تر، وا دەرئەکەوێت کە ئەم هەوتە بە تایبەتی تائیفگەری تێپەڕاندبێ و توانیبێتی لەسەر بنەمای "زەرینەی سیاسی نیشتمانی" حکوومەتێک پێکبهێنێت لە سەرئاستی وڵات، و هەر ئەمەش کە هێزەکانی هاوپەیمانی سێ قۆڵی و میدیاکانیان و میدیای ژێم بەردەوام تێپەڕی بە لێدان ئەوەی کە ئەم حکومەتێکی"نیشتمانی"یە و خاڵی دەستپێکردنە بە دامەزراندنی "دەوڵەتی عێراق" و "گەڕاندنەوەی جیگەوگەگەی نەودەوڵەتی عێراق" و..هتد.
تەماناکی کورت لەم دیمەنە و ئەم سیناریۆیە ئەومان بە دەردەخات کە خودی پڕۆژەکە لە بناغەوە لەسەر بنەمای هاوپەیمانی سێ هێزی قەومی و تایفی بڕژوازی دامەزراوە و هێک نوێنەرایەتی ئەم جۆرە دابەشکردنەی کەمەگەیە. هەروەها ئەوەشمان نیشان دەدات کە ئەم جۆرە حکومەتە لە چوارچێوەی سیستەمی تائیفی و قەومی ئیستا تێناپەڕێ و نابیت بە حکومەتێکی بڕژوایی کە لەسەر بنەمای شوناسی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بڕژوازی کە پێی دەوترێ شوناسی"عێراقی" دامەزرابێت دیارە ئەمەش بەهەموو ئەو هاتوهاوارەش کە لەم باریەوە ئەکرێت و لەگەڵ هەموو ئەو بڕژەوەندیە ماددییە ئابووری و کەمەایەتییە هاوبەشەوە کە ئەم هیزانەی هاوپەیمانی بەیەکەوە گرێ ئەداتەوە وەک نوێنەری بڕژەوەندیە گشتیەکانی سەرمایە لەسەر

ئاستی عێراق.

ناوەرۆکی چینایەتی بەرژوایی دەوڵەت لە عێراق و حکومەتی ئێستا و حکومەتی بەناو "زێرینەی نیشتمانی" لە بناغەدا بەو پەیوەندییە زەرملە و سەرکوتگەرییە دیاریئەکرێت کە ئەم دەوڵەت و حکومەتە هەیەتی لەگەڵ چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و بەبەشکراواندا، ئەم پەیوەندییە سەرکوتگەرییە ئەو فاکتەرە هاوبەش و یەکلاکەرەوەیە کە هێزە بورژوا تائیفەگەر و قەومی و لیبرالی و ئیفەرمیست و تەنانەت (تشرینییەکان) و هاوپەیمانە پارلەمانیەکانیان لە "نەوەی نوێ"، پێکەوە دەبەستێتەوە بەرامبەر کرێکاران و زەحمەتکێشان. پەرتەوازەیی سیستەمی سیاسی وڵات و دابەشبوونی ڕێ و دۆرەکان لەسەربنەمای نەتەوە و مەزهەب جیاوازەکان، بەو هەیەوە سەرکوتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساندنەوەی ژنان و سەرکوتی گەنجان لە سنووری ناوچەکانی بووەتە هاوکاتیان لەم بەناو "پێکهاتانە"دا، درێژکراوەی پێویست و تەواوکەری ئەم پەیوەندییە زەرملەیە چینایەتییەی دەوڵەتی ئەم سەردەم و حکومەتی ئیستا و داهاتووی عێراقەش، لەپەیوەند بە کرێکاران و جەماوەری چەوساوەوە. تیشرینییەکانی "بزووتنەوەی ئیمتیداد" و هاوپەیمانیان لە "نەوەی نوێ" لە ڕاستیدا ئامراز و قەوارەی سیاسین بۆ ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەباربەرن و کاریگەری وزەی شۆڕشگێڕی لەکاربخات و بیخاتە ناو ئامێری سەرکوتکەری دەوڵەتی بورژوازی و پارلەمانە کۆنەوە و هەموو ئەمانەش بە ناوی ئیفەرم و ڕاپەڕین و چاوەڕوانییەکانی گەنجانەوە.

واقع ئەوەیە کە حکومەت و سیستەمی سیاسی نوێنەرێکی تەواوی هێز و تێڕۆ بەرژوازیە قەومی و تائیفییە جیاوازەکانە لە عەرەبی زمان و کوردی زمان و ئەوانی تر و لە تائیفە ئایینییەکانی سوونە و شیعە، هتد، وهیچ شتێک لەگەڵی نیە کە ناوی بەرژەوەندی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەداران بێت یا ناوی جەماوەر بێت بگشتی لەم سیستەمدا، نە لەئاستی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵیان و نە لەئاستی وڵات، وە هیچ شتێکیش نیە ناوی "وڵات" و"عێراق" بێت جگە لە هەماکانیان کە بەرژەوەندییە سیاسی و ئایدئۆلۆژیە چینایەتیە بەرژوازیەکان بەرجەستە ئەکەنەوە. هەربۆیە ئەوەی کە هەیە و بەرجەستەیە، بەرژەوەندی دژ بەیەکی سەرمایە و کار و بەرژەوەندی تیژ و هێزە بەرژوا قەومی و مەزهەبییە جیاوازەکانە کە لە ململانێدان لەگەڵ یەکتر، بەڵام لە نێو یەکپارچەیی گشتی خۆیاندا وەک نوێنەری سەرمایە بووی کرێکاران و زەحمەتکێشان و

خەباتیاندا. هەموو ئەو زۆنایانەی کە هەندەخێنی بەسەر حکومەتکی"نیشتمانی" و حکومەتکی "زەرینەی سیاسی نیشتمانی" جگە لە شاردنەوەی ئەو واقیعە چینایەتیانە هیچی ترنین.

ئاستە حکومەتی"زەرینەی سیاسی نیشتمانی" تائادەیک جیاوازە لە "حکومەتی تەوافوقی" بەوەی کە لە باشترین حالەتدا ژمارەیک لە حیزب و هێزە بەشدارەکان لە پرسەی سیاسیدا ئەخاتە دەرەوەی بازنەی چەژوەرگرتن لە تائانیی حکومەتی داهاتوو و وەزارەتکانی لە کاتیکدا ئەو حزب و هێزانە پەویستیانە بە دریژدان بە جگەویگەیان لە هاوکێشەکانی هێز و دەسەلات لە عێراقدا، وە هەروەها زیان ئەگەیەنە بە بەرژەوەندە جەوسیاسیەکانی کەماری ئیسلامی ئیران لە عێراقدا. بەڵام ئەمە لە کاراکتەری ژێمێک کە هەیە ناگەڵت و هەروەها ئەم هێزە ئەپێزیسیۆنە بەرژوازیانە لە کایەی سیاسی وەدەرنانە و تەنانەت دەرگاشیان بەسەردا داناخات کە هەگەڵێک لە حکومەتدا ببینن و ئیمتیازاتی پەرلەمانیان وەربگرن. ئەمە جگە لەوەی کە ناتوانرێ پشتە نەودەوڵەتی و ناوچەییەکانیان بپچڕێنن کە گرێیان ئەداتەوە بە ئێران و هاوپەیمانەکانی و میلیشیاکانیەوە لەوانەتانی تر کە کەمێک و چەک و هاوکاری لەجستیان بە دابین دەکەن.
ئەمەش دەمانگەیەنێتە خاڵکی بنەڕەتی تر ئەویش ئەوەیە کە بارودۆخی سیاسی عێراق و کاراکتەری هێزە سیاسیەکانی دەسەلات بە ڕاستەوخۆیی لایەنی ناوچەیی و نەودەوڵەتیان هەیە. هەشتا سیستەمی سیاسی و دەوڵەتی بەرژوازی لە عێراقدا کراوەیە بە دەستەوەردانی جیۆپۆلەتیکی و جیۆ ستراتژی بەتایبەتی لە لایەن هێزە ناوچەیی و نەودەوڵەتیەکانەوە: ئێران، عەرەبستانی سعوودی، ئەمریکا، تورکیا و ئیمارات. نەبوونی هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە حکومەتدا یان کەمی ژمارەی کورسیەکانیان زەربەی دیاریکراویان لێئەدا، بەڵام نایکاتە دەرەوەی چوارچێوەی گەمەی سیاسی لە عێراق و دەستەوەردانە جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژیەکان.

بە کورتی، حکومەتی "زەرینەی نیشتمانی" شتێک نیە جگە لە قەرخکردنی ئیمتیازەکانی دەوڵەت لە لایەن هەندێک لە هەمان هێزە تائیفەگەری و قەومیەکان، لە لایەکەوە، وە لەلایەکی دیکەوە، گرتندەستی کاروباری دەوڵەت بە چوار ساڵی داهاتوو بە جێبەجێکردنی سیاسەت و کارنامە و ئاجیندەی حکومەت، کە چەرکەکەش لێرەدایە واتە لەوەدا کە ئەم حکومەتە چ ئاجیندەیکی هەیە لە پێوەند بە کێشمەکێشی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا؟ ئەگەر ئەم حکومەتە لە ڕوانگەی شێش و

گەلانکاری پیشیوە لە بەرژەوەندی هەژارکراوان و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراو هەڵسەنگێنین، ئەبینین ئەمە لە ڕاستیدا حکومەتی توان دوو دژە شەڕە.

ئەجیندای حکومەتی دژەشەڕ

ئەو حکومەتەی کە لەسەر بنەمای "زەرینەی سیاسی نیشتمانی" یان "حکومەتکی تەوافوقی" یان حکومەتکی تەکنۆ لەو دوو حکومەتە دروست دەبێت لە هەڵبژاردنی پێشوەختەوە سەریهەڵداوە و تەنیا تەواوکەری نەرم دەبێت بە سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر لە پێناوی ڕەگرتن لە خەتەرکانی سەرهەڵدانی قەیرانی شەڕشگێڕانە و بەئامانجی بەهێزکردنی ژیمی سیاسی بەرژوازی و دابینکردنی سەقامگیری دەوڵەتی بەرژوازیە لە عێراقدا. یەکەم هەنگاو بە بەدیهێنانی ئەم ستراتیژە پێکهێنانی حکومەتکی دژە شەڕشە بەناوی حکومەتی زەرینەی "سیاسی" و "نیشتمانیەوە".

وەک پارتکی دەسەڵاتداری سەرکی و دەوتیکی ئیسلامی سیاسی شیعەی پەپەلیستی خاوەن نفوز و "بنکەی کۆمەڵایەتی" بەشەوەی سەرکی لەنێو جەماوەری هەژار و پەراوێزخراو و زەحمەتکێش لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، دەوتی سەدر مەبەستیەتی ئەو سیاسەتانە بگرێتەبەر کە خزمەت بەقایمترکرنی چەپکی بکات بەسەرئەم بنکە کۆمەڵایەتیەیدا و فراوانتری بکاتەوە. ئەم دەوتە مەبەستیەتی بە هەموو شیوە و ئامرازیک، و لەم ڕاستایەدا تواناکانی دەوڵەت و حکومەت و ئەوەش کە حکومەت بەی ئەخسەنە لە توانای سیاسی و دیپلۆماسیی لەسەر ئاستی ناخۆ و دەرەکی، بەکاریانبهێنێ بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستەی. گومانی تێدانیە کە حکومەتی دەوتی سەدر پەدەبەت لە ناکۆکی لەبەرئەوەی بنکە کۆمەڵایەتیەکەی چاوەڕوانی ئەوە دەکات ئەم حکومەتە زیانی باشتر بکات و خزمەتگوزاری گشتی بە دابین بکات، بەڵام سیاستکانی ئەم ڕەوتە و ئەجندا کەی سەرقاڵی لەقاڵبدانی خەبات و ناڕەزیەتیکانی جەماوەری کرێکاران وزەحمەتکێشان دەبێت بەدەوری ئاسۆ و سیاستکانیی و سیاستە ئابوریە کاپیتالیستە نیۆلیبرالیەکانی و بەدوای ئیفلیجکردنی وزەی شەڕشگێڕانەی ئەم جەماوەرەوە دەبێت. هەموو ئەو دەنگیانەی کە گوایە حکومەتی "زەرینەی نیشتمانی" گەلانکاری لە بەرژەوەندی جەماوەر فەراهەمئەهێنێ شتێک نییە جگە لە ساختەکردنی ڕاستیەکان لە پیناو شکستپێهێنانی هەرهەوڵچونکی جەماوەریی شەڕشگێڕانە لەدژی سیستەمی هەژاری و کۆیلایەتی و پەراوێزخستن کە لە ئارادایە لە ئیستادا.

هەروەک ئاشکرایە، لەناواخنی ئەجندای دەوتی سەدردا لەباری میراتی

مژووییەوە، ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگایە لە خوارەوە "القاعدە"وە و بەناوکردنەوەی ئەم سیاسەتی ئیسلامیزەکردنەیە لەنێو جەماوەری پڕاوێزخراو و هەژارکراودا بەشێوەی سەرەکی، هەربۆیە ئاگر ئەم هێوتە خێی بەتەنیا لە دەسەڵاتدا بێت دڕفەتی بەدەستخسە هەرچی بتوانێ لەم ڕاستایەدا یاسا داسەپێنێت و بەپلەی سەرەکی بە دژی ژن و مەودای ئەم سیاسەتێی بە هەنگاوی خیراو گشتگیر بڕۆپێش بڕێت. وەک هێوتەکی حکومەتی دەسەڵاتدار، هێوتی سەدر زۆرترین بایەخدانەکانی خێی دەخاتە سەر لە مەنگەنەدانی وزەی شەشگەڵانێی جەماوەری بەبەشکراو، ئەویش لەڕێگەی چەسپاندنی ئەم فەرمە مەزهەبییە ئیسلامییە تائیفەگەرییە دژە ژن و دژە ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان و دژە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە. ئەمە و، بانگەشەکانی لەبارەی هێوشاندنەوەی میلیشیاکان هیچی تر نییە جگە لە هێسمێتپێدان بە میلیشیاکان و پێوەستکردنیان بە هێزە فەرمییە سەرکوتگەرەکانی دەوڵەتەوە.

ڕاستە ئەم هێوتە سەربەخۆییەکی ڕێژەیی هەیە لە ڕژێمی ئیسلامی ئێران بەهۆی جیاوازی لە بواری دامەزراوەی مەزهەبیی شیعە و دەسەڵاتەکانی لەناو عێراقدا و هەبوونی پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیی مەزهەبی لەگەڵ جەماوەری عەرەبی زمان و وردەکارییەکانی تر. هەرچەندێک بێت ، ئەم سەربەخۆییە هێژییە و ئەو ڕاستییەش کە بنکە کۆمەڵایەتییەکەی هێوتی سەدر جەماوەری عەرەبی زمانە لەعێراقدا، هیچ شتێک لە کاراکتەری تائیفەگەریی مەزهەبییەکەی ناگۆڕێت، وەک هێوتەکی ئیسلامی سیاسی شیعە، وە ناشیگۆڕێت بە بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستی عەرەبی کە ئاجێندای ناسیونالیستی عەرەبی هەبێت لەسەر ئاستی ناوچەکە، و هەروەها نایگۆڕێت بە هێوتەکی "ناسیونالیستی لەکاڵی" یان ئەوەی پێی دەوترێ بەرژوازی "نەتەوەیی" عێراقی، لەبەرئەوە هەروەک یەکێک لە هێوتەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی شیعە دەمێنێتەوە لە عێراقدا و لەم جێگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژیەوە بەشداری ئاکات لە ژیانی سیاسی و "پرۆسەی سیاسی" و لەوانەش پێکهێنانی حکومەت لە ئیستادا.

پێکهێنانی حکومەتی زەرینە هیچ ناگۆڕێت لە ستاکتەری بنەڕەتی فیکری و سیاسی هێوتی سەدر، لەبەرئەوەی ئەم هێوتە هێزی لەوەدایە کە خەشبەاوەی (وەهمی) مەزهەبی و تائیفەگەری و دژەاوکە لەبەرامبەر چەوسانەوە و جیاکاری تائیفی زاڵە بەسەر بیری بەشیکی زۆری جەماوەر لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، ئەمە ئەو پایە سیاسی و ئایدیۆلۆژی و تەنانەت سایکۆلۆژیە و ئەو بەربەستە قایمەیە کە

ئەم هاوتە لەی بەرهەمهێندە بووی نیشتمانی خۆیدا و سەرچاوەی بەردەوامبوونیەتی. ئەمش لە هاوتەی ناسیونالیستی و بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی دەستاتدار دەچێت لە ئستادا کە سوود ئەبینێ لە خشباوەی و ئاسەی قەومی زاڵ لەنێو جەماوەری کوردستاندا، هەروەها ئەم دەخەی هاوتەی سەدر هاوشیوەی هەلومەرجی هاوپەیمانەکەی تری خۆیەتی لە "کوتلەی سەرۆری" کە ئەویش بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بە زاڵبوونی مەیلی ناسیونالیستی عەرەبی لەنێو جەماوەری دانیشتووی ناوچەی هاژئاواو و باکوری هاژئاوای عەراق.

با بزانین ئەستا ئەجێندای سیاسی هاوبەشەکانی تر لە "حکومەتی زەرینەی نیشتمانی" چیە؟ یەکێک لە هاوبەشەکان (پارتی)یە، ئەم حزبە قەومیەیە کە نەپەرست و ئیستبدادیە کە نیزیک دوورودرێژ لە کلیپتەکرات و سەرمایەدارانی گەورە هابەری ئەکەن و حوکمی کەمەگای کوردستان بە چەک و داپەسین بەسەو دەبەن، بەهەرەبەرداری دەکەن لە مەسەلەی قەومی و هەست و دەراوکەی نەتەویی زاڵ لەنێو جەماوەردا بە درێژدان بە دەساتیان. ئەم حزبە شانبەشانی کانتەکردنی سەروت و سامانی کەمەگە و گەندەی و تاانی بە سنوور و قازانج بەدەستهێنانی خیالی لە پرۆژە سەرمایەداریە گەورەکانیاندا، هەموو دەنگەکی ناڕازایی و جموجۆڵکی جەماوەریش لە ناوچەکانی ژێر دەساتی خۆی بیدەنگ ئەکەن بەزەبری چەک و گرتن و بە سەروشوێنکردن. ئەم حزبە ئەو هەزە بورژوا دژە شەرشیە کە لە بەرگریکەرانی عادل مەهدی بوو کە هاپەینی ئۆکتۆبەر هەنایە خوارەو. حکومەتێک کە یەکێک لە سێ کەسەکەی ئەم حزبە بەت جگە لە حکومەتی دژە شەش و دژە جەماوەری و ئاواتەکانی بە ئازادی و سەلامەتی و ئاسوودەیی هیچی تر نابەت.
کوتلەی سەرۆری و پەکهاتەکانی "پەشکەوتن" و "عەزم" لەبنچینەدا جیاوازنین لە لایەنەکانی تری هاوپەیمانی سەلایەنە و ئەویش بەخەی قەوارەیەکی سیاسی کەنەپەرستانەی هاوتەی ناسیونالیستی عەرەبیە و ئایدیەلۆژیەکەی ناسیونالیستیە و بنکە کەمەایەتیەکەی لەنێو خەڵکیەکان و قەومیەکان و تایژە بورژوازیەکاندایە بەشیوەی سەرەکی و باکگراوەند و پیوەندیان هەیە لەنێو بەعسیە کەنەکاندا و پەتی پەیوەستبونیان زۆرە بە سعودیە وئەماراتەو.
لە کەتاییدا، بەدەر لە ئامانجی بەیاری ئەم دواییەی "دادگای باڵای فیدراڵی" لەسەر یاسای نەوت و گازی هەرەمی کوردستان و وردەکاریەکانی و ئامانجە سیاسیەکانی پشتەوەی لەپەیوەند بەو ململانێیە کە بەردەوامە لە سەر پیکهێنانی حکومەت، و بەدەر لە تاانی زۆقی سامانی وەات و جەماوەر لە لایەن (پارتی)یەو

بەدریژایی ساڵانکی دورودرێژ، بەدەر لەمانە هەمووی هەردوولا هاوبەشن لە خۆشکردنی ئاگری دەمارگیری نەتەوەیی و تایفەگەری و گۆڕینی قەیرانە سیاسیەکیان بە قەیرانیکی کۆمەڵایەتی کە جەماوەر باجەکەی بدات. ئەرکی سۆشیالیستەکان و چینی کرێکار و جەماوەری ئازادیخوازە کە بەوپەڕی هێز و تواناوە لەبەرامبەر دەمارگیری نەتەوەیی و تایفەگەری لە هەردوو لای ململانێکە ڕابوەستن و هەوڵەکانیان بۆ شکاندنەوەی سڕختی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەسەرشانی جەماوەردا، پێچەبکەنەوە. ئەرکە بناغەییەکە ئاراستەکردنی نوکتەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرە ووەو بەرژوازی دەسەڵاتدار لەسەرانسەری عێراق و کوردستاندا.

سەبارەت بە ئەرکە کردارییەکانمان

باسکردنی ئەرکی کرداری کۆمۆنیستیمان، شێوەکەی بەیارنامەی هێکخراوەیی تایبەتە بە ئەرکە کرداری و سیاسیەکان. بەڵام ئەمە ئەوە نیە ناکاتەوە کەهێندێک لەو ئەرکانە تێنانێت ئاگەر بەشێوەیەکی گشتیش بێت لەم وتاردا باسبکەم. بەیە ئەمانەی خوارەوە بە پێویستی دەزانم:

ڕیسواکردنی بەردەوامی ڕژێمی سیاسی ئێستا و ئەو حکومەتەی کە دوای ئەم هەڵبژاردنە پڕشوۆختە پێک دەهێنرێ وەک حکومەتی دژە شۆڕش، واتە حکومەتی دوای سەرکوتی خوێناوی گەورەترین ڕاپەڕینی جەماوەریی شۆڕشگێڕە لە مێژووی عێراقدا کە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)یە .

پێوپاگەندەی سیاسی لەنێو جەماوەری کرێکاران و بەشمەینەتان و چەوساوەکان و ژنانی ئازادیخواز و لاوانی شۆڕشگێڕ سەبارەت بە پێویستی هێکخستنی سەربەخۆی خەباتیان بە ئاوێی ئیرادەی سیاسی چینایەتی خۆیان لە شێوەی ئەنجومەنە جەماوەرییە شۆڕشگێڕەکانیاندا بەدیبهێنن کە ببێتە حکومەتی شۆڕشگێڕانەی داهاتوویان.

ڕەخنە لە ناوەڕۆکی چینایەتی سەرمایەداریی ڕووتە ئیسلامی و نەتەوەییە دەسەڵاتدارەکان و هیزەکانیان و نیشاندانی ئەم ناوەڕۆکە بە جەماوەر کە ڕاپشراوە بە بڕگی ئایدیۆلۆجی قەومی و دینی و لیبڕاڵی.

پیادەکردنی ڕەخنەی سۆشیالیستی بەدژی سەرمایەداری نیو-لیبڕاڵی و ژڕمە سیاسیە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکەی بەشێوەیکی سیستماتیک، و خستنەڕووی بەدیلی سۆشیالیستی بەوەی کە مەسەلەیکی هەرئێستاییە. خەبات بۆ ئاڵاستەی یەکخستنی لایەنە جیاجیاکانی خەباتی ئابووری و سیاسی و فیکری کریکاران و زەحمەتکێشان لە خەباتێکی چیانیەتی بەهێزدا بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.

بەرجەستەکردنی بەخنە سۆشیالیستی و بەخنەی ڕزگاریخوازانەی ژنان لە بەهـا ئـاینی و نەتەوەیـی و پیاوسـالاری و خـێڵەکایەتیـیە سەرکوتگەرێکانی ژنان.
بەکخستنی خەبات و بەرگری ژنان لە بەرامبەر ستەم و پیاوسالاری بەمەبەستی دروستکردنی بزوتنەوەیەکی بەهێزی ڕزگاریخوازانەی ژنان لە سەرتاسەری وڵاتدا. هەوڵدان تا ئەم بزوتنەوە ڕزگاریخوازانەیە بگەی لەنێو جەماوەری ژنانی کرێکار و زەحمەتکەشاندا هەبێت بە پلەی سەرەکی و لەسەر ئاستیکی کەمایەتی لە شار و ناوچە لادێیەکان و شوێنە جەراوجەرەکانی کار وگەرەکەکان بەرپا ببێت.
هەوڵدان بە بەکخستنی کرێکاران و زەحمەتکەشان و لاوان و ژنانی کرێکار و چەوساوە لە لیژنە لەکاییەکان و گروپە خەباتکارانەکانی تایبەت بەخەیان لە گەرەکەکان و شوێنی کاریان. ئەنجامدانی چالاکی کەمایەتی و سیاسی و بەشنبیری بەشێوەیەکی سیستماتیک و بەکخراو لەم گۆڕەک و شوێنانەدا. هەوڵدان بە بەکخستنی ئەوانەیان یا گروپەکانیان کە بڕوایان بە سۆشیالیزم هەیە لەکاری ێیکخراودا لەحەلقە سۆشیالیستەکاندا و لە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق.
سۆپاندنی کاری سەندیکایی سەربەخۆی کرێکاران بەسەر دەسەڵات. چالاککردنی یەکێتیە سەربەخۆکانی ئێستا و دروستکردنی سەندیکای نوێ و پێکهێنانی بەکخراوە هەمەجۆرە خەباتکارە کرێکارییەکانی داکۆکەکار لەمافەکانیان بەشێوەیەک کە کرێکاران و کارمەندان لە گشت شوێنەکانی کاردا بەکخراوبن لەم سەندیاکا و ێیکخراوانەدا.
خەباتی بەڕانبەر و بەردەوام بە سەپاندنی ێیفەرمی ئابووری و سیاسی و کەمایەتی و فەرهەنگی بەسەر ڕژەمدا وەک بەشێک لە بەهێزکردنی خەباتی سۆسیالیستی. هەر لەم ڕاستایەدا خەبات بە بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی ژنان، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و سیستەمی خێزندن، هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تائیفی و قەومی، دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوونی یەکسان، دابینکردنی باش بژیوی بە جەماوەر و بونیاتنان و پڕپێدانی فەرهەنگێکی ئینسانی و ڕزگاریخوازانە.

بەکخستنی خەباتی جەماوەری بەدژی تانکردنی موشک و سامانی کەمگا کە لە لایەن دەسەڵاتەوە و لە بگەی تایبەتکردن و دزی و گەندەڵی و وەبەرهێنانی سەرمایەدارییانەوە ئەنجام ئەدرێ.
بەکخستنی خەبات بە دابینکردنی کارباو و ئاو و تەندروستی گشتی و خزمەتگوزاری کەمایەتی و خێزندن بەخۆایی و هەوڵدان بە بشداریکردن لە دامەزراندنی کۆ و کۆبوونەوەی جەراوجەر و

ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە ئەم مەبەستە.
پەردەهەڵماڵین لەسەر تەواوی سیاسەتکان و ناوەڕۆکی "کاغەزی سپی" کە چەن دەیەوێت ئابووری عێراق بکاتە ئابووریەک لەسەر بنەمای تاڵانکاری سەرمایەداریی زۆق و بێباکانە دابمەزرێ و دەوڵەت و یاساکانی بکرێتە ئامرازی جێبەجێکردنی پرۆژە سەرمایەدارییەکانی، و بەاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی سەبارەت بەو سیاسەتانە و ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان بە هووياندا.
کەمێگا کەمی نەهێناوە لە ژمارەی ناڕەزایەتیکان و فراوانی تووڕەیی و ناڕەزایەتی لە باردەخەکە، ئەوەی کەمە ڕێکخراوبوونی پیویستە لەپیزی ئەم خەباتە و ئەم ناڕەزایەتییانەدا و بەرەمەند نەبوونیانە لە ئاسە و ئەجێندای سیاسی سۆسیالیستی. هەوەدانی بەردەوام بە کەتایی هێنان بە پارچەپارچەبوون و ڕێکخستنی ئەم خەباتە بەرەو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە یەکێکە لە ئەرکە بەپەلەکانی ئەمە.

خاڵی لاوازی سەرکی بەرژوازی لە عێراقدا ئەوەیە کە لەسەر بنەمای نەتەویی و ئایین و تائیفە دابەش بووە و تا ئێستاش ناتوانێ یەکبگرێت چونکە یەکبوونی پێ لە ناکەکی و ململانێی و لەکەوتن و شەینکەوتەیی بە ئەم وەاتە یان ئەو وەات و درێژکراوە ناوچەییەکانیان. بەپێچەوانەی ئەمەوە، چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و بەهەژارکراو و جەماوەری ژنانی چەوساوە و لاوانی بێکار کە بەدوای ئازادیەوەن بەرژەوەندی هاوبەشی چینایەتی و کەمایەتیان هەیە لەسەر ئاستی عێراق، ئەمان هێزێکی گەورە و بەتوانان گەر خەباتی شۆشگێڕانەی خەیان یەکبخەن و ئاسەی سۆشیالیستی و ئینتەرناسیۆنالیستی بگرنەبەر و خەباتیان یەکانگیر بکەن لەسەر ئاستی وەات و ناوچەکە. خەباتی شۆشگێڕانە بەگشتی و خەباتی سۆسیالیستی بەتایبەتی لەسەردەمی جیهانیبوونی سەرمایەداری هاوچەرخ و ململانێی جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژی ئیمپریالیستی و جەسەرە ناوچەییە داغکاندا بە ناچاری دەبێت ئاسە و ئەجێندای ئینتەرناسیونالیستی گرتبێتەبەر بە ئەوەی سەرکەوتوو بێت.

٢٠٢٢-٢-١٢

دەروونناسیی: حولحولەتیی/ کەسەتیی حولحولیی *... ئەحمەد هەزا*

متقلب المزاج " الشخصية المزاجية"
Mood Swings

حولحولەتیی یان کەسی حولحولی لە زانستی دەروونناسیدا، بە دیاردەیەک ئاوترێت، کە بە وەسکردنی خرایی و زەریی هەست و سۆز دەرپەراندنی مرۆڤکان بەکارئەهێنرێت و کار ئەکاتە سەر باری دەروونیی و هەستیان.
زۆرتر بە وەسفکردنی ئاو کەسانە بەکاردێت، کە باری دەروونییان لە گۆڕاندایەو گۆڕانکاریی بەردەوامی بەسەردا دێت، لە نێوان هەستە دژبەیەکانی دەخشیەکی بە ئەندازەو تازیی بوونەکی زەردا، کە لە پەدا ئەگۆڕێت بە تووڕەیی و پەستیی و تادەی خەمەکیش.

هەکارەکان:
کەسی حولحولیی لە دەروونناسیدا، لە ئاماژەترین کەسایەتییەکانن لە ناوی تایبەتمەندێتییە ڕەفتاریی/ سلوکیة یەکانەوە، کە شپرزەیی دروست ئەکات. زیاتر لە 20 جۆری هەیە، جیاوازیی لە چەشنی کەسایەتییەکانیدا، یان هاوشێوە بوونی تیادا هەیە، کە هەریەکەو بە هەکارێک دروست بوون، وەک ڕەگەکانی پەروەردە، یان لە منالیی و بەهەکاری بەماویی، یان بەهەی ژینگەو کەمەگەو دەوروبەرەو..
هەندێکیشیان بەهەی نەخشیەکی ئەرگانیکیەوە تووش ئەبن و هەندێکیشیان بە بە هیچ هەکارێک پەوەی موبتەلا بوون.
هەندێک هەکاریتریش هەن، ڕەنگە لە پشت ئەم شپرزە بوونەوە بن:
1- زەر خواردنی شیرینیی.
2- کەمخەویی.
3- نەخشیی کاتیی جەستەیی وەک: لووتگیران و تاو ئازاری زەر لە شوێنێکی لەشدا، هەموو نەخشیەیک وزەیەکی زەری لەش کارئەکات و ئیشتیها کەم ئەکاتەو ئەبێتە هەی وشکبوونەوەی لەش، کە ئەبنە هەکاری تێکچوونی هەرمۆنەکان ئاستی شەکرەو فشاری خوێن، کە لە کاتییدا ئەبێتە هەی ناهاوسەنگیی باری دەروونیی و مرۆڤ حولحولی ئەکات.
4- کەمخراکیی.

5- بەسەربردنی کاتی زیر لەگەڵ ئەو کەسانەی وزەی زیانی پێویستە، وەک کەسانی تەشبین و ئەوانەی لە دڵەڕاوکێی بەردەوامدا ئەژین، یان شپرزەیی دەروونییان هەیە و بەهیچ شتێک دڵخۆش ناکەن.
هەرکات مرۆ هەستی بە دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە کرد لە خۆیداو زانی کە پێ یوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانیتردا بەرەو گرژیی و ئاڵۆزیی ئەچێت، پێویستە بە خێرایی چاو بە چالاکییەکان و خووەکانی ڕۆژانەی خۆیدا بخشێنتەوە و بەدوای هەکارەکێدا بگەڕێت.. دەنا کەسەکە ئەکات بە کەسێتیەکی شڵەژێنگەز ڕەفتار، کە بەهەی ئەو شپرزەییە دەروونییە بەردەوامەوە، خەڵکیی لێی تەوەلا ئەبن و دوورئەکەونەوە.

سیما دیارەکانی:
سیماکانی ئەم شپرزەییە لە دەروونناسیدا، بەم چەند خاڵانە دیاریکراوە:
1- تەقینەوە لە کاتی تووڕەییدا.
2- خێرا تووڕە بوون.
3- هەستیاریی زۆەندو گرنگییدانی زیر بە هەستی خۆی.
4- ئەگەر بابەتێکە پێوەندیی بە هەستی خۆیەوە هەبێت، بایەخ بە هەستی کەسیتر نادات.
5- ڕەخنە لێگرتن قبوڵ ناکات.
6- شپرزەیی و دڵەڕاوکێی بەردەوام.
7- باوەڕ بەخۆنەمان.
8- نەمانی توانای هیچ جۆرە داهێنان و دەزینەوەیەک.
9- بە پەلە بەیاردان لەسەر شتەکانی خۆی و دواتر پەشیمان بوونەوە.
10- نەمانی زمانی ئاخاوتن و دایالۆگ لەگەڵ ئەوانیترو دەوروبەری.
11- بەرگەنەگرتن و نەمانی سەبر.
12- پێویستیان بە هووبارێکی تایبەت.. واتە لە شوێنکی تایبەتدا بژین و کەس توخنیان نەکەوێت، لەبەرئەوەی هیچ جۆرە گفتوگۆیەک لەگەڵیاندا بەردار نابێت و ئەوان هەرکات ویستیان ئەوە ئەکەن کە خۆیان ئەیانەوێت بیکەن، ئەم خەسڵەتە نزیکە لە گەشگیریەوە.
13- بیرکردنەوەی زۆرو بە پسان.

مامەڵەکردن لەگەڵ حولحولیدا:
کەسی حولحولیی پێویستیی بە جۆرە مامەڵەیەکیترە، کە جیاوازە لەگەڵ ئەوانیترو زۆر ماندووکەرە، هەم بە کەسی نەخۆش و هەم بە چواردەورەکەشی.. بەڵام خۆ ناکرێت ئەم کەسە بە تەواوەتیی دوور بخرێتەوە، لەبەرئەوەی هەندجار لە هەرە نزیکەکانی کەسی هاوسەنگو ناکرێت حوکمی کۆرانەو توندوتیژیان بەسەرا بدرێت.. بۆیە ئەم چەند

□□گ□ی□، یارم□تید□ر□، هەم بە گ□□انەوەیان بە دەخی هاوس□نگیی و هەم بە وەس نەبوونیش بە دەستیانەوە.

1- تێبگە:

□□نگ□ باری حولحولیی بوونەکە لابەلا بێت، یان بەهەی ئەوەو بێت کەسەکە بە دەخەکی دژواردا تێپەڕ□ت، واتە بەردەوام نەبێت.. بە نموونە تەمەنی هەرزەکارێتیی کەشی هەرمەنیان هەیە بەدرژایی ماوەی هەرزەکاریی، لەبەرئەوە ناتوانێ کەنترۆڵی هەستەکانی خۆی بکات.. یان کەسەکیتر لە دەخەکدا شکستی هێناوە، یان نەخۆشە، پەیوستە کەسی هاوس□نگ لە هەکارەکە تێبگات و بە هەمنیی مامەڵەی لەگ□ بکات.

2- کاتی پچ□پچ□ وەرگر□:

□□نگ□ کەسی تووشبووە یەکەک لە ئازیزان بێت، لەبەرئەوە ناکرێ هاوس□نگ لێی دابڕ□ت، هەروەک ناشکرێت بەردەوام کاتی خۆی بە تەرخان بکات، لەبەرئەوە وا باشترێ کەسی هاوس□نگ ناوبەناو پشوو وەربگرێت.

3- ناکرێ لەگ□یاندا دەمارگیر بیت.

4- ئەگەر کەسەکە زەر جەی مەبەست نەبوو، ئەکرێت لە ژیانتی بکەیتە دەرەوە.

5- نەکەوێتە داویانەوە:

هەندەک لە حولحولییەکان، بەهەی ئەوەو کە بەیان ئەڵوێت، هەل ئەقەزنەوەو بەرامبەرەکیان ئەخەنە داوەوە.. ئەبێت کەسی هاوس□نگ لە داواکانیان تێبگات و نەرم بێت لەگ□یاندا، بەڵام ناکرێت مست لە گوێ، یان گوێ□ایە□ بێت بە سەرجەم داواکانیان و جێبەجێی بکات.

6- بەڵام ئەوی بەدمیزاجێ، پەیوستە مرۆ لێی دوور بکەوێتەوە.

7- □ووبەڵووی □□فتارەکەی ببەرەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی بدە، واتە بەبایەخ تەماشای مەکەو قەناغ بە قەناغ لەگ□یا بە.. زۆرەک لە حولحولیەکان کە هەست بە خەیان ئەکەن، بەردەوام باسی ئەکەن بە ئومێدی چارەسەرکردنی، □□نگ□ هەندە کردەوەی نەشیاویشیان لە بوشتەوە، کە □□نگ□ بەهەی شتەکەوە بێت کە لە دەسەڵاتی خۆیدا نەبوو، پەیوستیی بە لەخۆش بوون و فەرامۆشکردنە، بەڵام هەندەکیان ئەیکەن بە بیانوویەک بە تێپەڕاندنی داواکاریەکانیان.

8- پەیوستە لەگ□ گ□انکاریی ئەواندا، تۆش گ□ان بەسەر کاروکردەوەتدا بێت.

چارەسەر:

سەرەگ□ هەیە بە چارەسەرکردنی حولحولیی، بەئەوەی ببنەوە بە کەسی هاوس□نگ و لەو شپرزەییە دەروونییەو بەردەوام □اگ□کیە□ ئزگاریان بێ:

1- وەگرتنی چارەسەر لە لایەنگەی دەرمانەوە:
دەرمانەکانی دژە تەکچوونی مەشک و جێگیرکەرەکانی حالەتی حولحولۆتیی و بەکارهێنانی لیثیەم، کە لایەنی خەکوشتنی ئەجگار شپرزە بوونە کەم ئەکاتەوە.
2- چارەسەری کلینیکیی دەروونیی، لە دانیشتنە تاک و بەکۆمەڵەکاندا، لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی پزیشکی تایبەت و چاودێریی کردنی بەردەوامی بارکەوتەکە.
3- چارەسەری هەڵەتاریی:
بەکەکردنەوەی زۆرترین زانیاریی لەسەر کەسی شپرزەو دۆرکەوتە کلینیکییەکانی، بە ئەوەی لە بارەی هەڵەتارو هەڵوەستەکانی ژیانییەوە ئاراستە بکرێت و هاوسەنگ ببێتەوە.

سەرچاوە:

- موقع الفرصة للتعليم في كانون الثاني/ ٢٠٢١ – الشخصية المزاجية: سماتها وكيفية التعامل معها.
- دينا مندور- موقع الحرة- الشخصية المزاجية في علم النفس.

نەوەی نوێ و هاوڕێیەتی ئیسلامی سیاسی..! عوسمان حاجی مارف

ئەو ئەپزیسیۆنەی لە دەرگای پەرلەمانەوە دەخلیسکێتە ناو ناڕەزایەتیی جەماوەریکانەوە، جگەلە مەرامکی سیاسی کە بە پەداویستی پگەی حزبکەیەتی هیچ ئامانجکی لە پێوەند بە بژێوەندیکانی جەماوەری ناڕازیوە نیە. ئەم واقعیەتی پکهاتەی پەرلەمانی کوردستانە کە زیاتر بۆتە مەیدانک لە بازاڕی بازرگانی بە سیاسەتەوە، هەر بەو مانایش پەرلەمان بۆتە گاتەجارو سوایی بە ئەوانەی بەشدارن و نوێنەریان هەیە لەو پەرلەمانەدا، ناڕەزایەتیکان لە هەر ئاستێک و توانایکدا بێت و بە هەر داواکاریک خەی بنوێنێت، دەخکەی بەجێرکە فرسەت بە ئەو لایەن و هێزانە نیە کە لە ناو دەسەڵات و پەرلەمانەوە بتوانن هێزمانی فکری سیاسی خیان بەسەر ناڕەزایەتیکاندا بسەپێنن

ناکرێ مەودای خواستێکی بەرفراوان لێ بەزاری و تووڕەیی و ناڕازایەتی جەماوەریدا،جگێ لێ نایەک بەنوێستنی ئەم دەسەڵاتی ئێستای حزبەکانی کوردایەتی بێ بەوانین، چونکێ قێرانی قوڵی دەسەڵاتی سیاسی لێ سەر دەستی بزوتنەوەی کوردایەتی وەک هەڵە میلیشیاکانی، دەخێکی واقعیەو ئەزموونێکی تسواو قیزەونیان لێسەر شانێ سیاسی کوردستان خستێتە ووو، کێ جگێ لێکۆتایی هێنان بەدەسەڵاتکەیان و ئاماژینی تەواوی پێکهاتەو دامودەزگاکانیان هیچ ڕێگایەکی تر، بێ ڕزگاری خێک لێم هەلومەرجێ نالەبارو نائەمن و فەلاکەت بارو نەخوازراوێ کارساز نیێ. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خێکی بەشمەینەتی کوردستان، لێ ماوەی سی ساڵی دەسەڵاتی سیاسی یەکگرتی و پارتیدا شۆکیان نیێ بێ ئاسودەیی خەوتبن و بێ ئومێدەوێ ڕۆژیان لێ هەڵهاتبێت.

ئەوێ گرنگێ لێم نەخشەدا هەر پێناسەیێک کێ بێ ئەم دەسەڵاتە تاڵانچی و گەندەڵ و جەردەیێ دەکرێت، چەند لایەنێک بەناوی ئۆپۆزیسیۆن لێ ناو دەسەڵاتدا بونێ بەشێک لێ پێناسەو پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتە بورجوا ناسیۆنالیست و میلیشیایێ. بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵ نمونەیێکی شکستخواردوی ئەم جۆرە ئەزمونیان نیشاندایین، کێ بونەتە بەشێک لێ ڕووی زیاتر قەزەون بونی ئەم دەسەڵاتە، لێ هەمان کاتدا دیمان کێ ئاستی ناڕازایەتیێ جەماوەریکان چێن یەخێی ئەم هەڵە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەشی ڕاوەشان و دایندەی و دەستیان لێ سوتاندنی بارگاکانیان نێ پاراست.

ئەم جۆرە ئۆپۆزیسیۆنەی کێ بەناوی پشتیوانی لێ ناڕازایەتیەکانی ١٧شوبات خێی نواندو دواتر بونێ پاشکۆی سیاسەت و بڕڕوندیکانی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، ئیسلامیەکان نوێژکانی مەیدانی ئازادیان گواستەوێ بێ ناو پەرلەمان و وەزارەتکان، دروشمی "ئەی گەین" بوبێ پێشکێشکردنی شەقامی ئارام بێ دەسەڵات، ئەوێ ئاکامی ئەو بڕنامەو هێبازێ سیاسیەیێ کێ گۆڕان و ئیسلامیەکان لێ هەمان چوارچێوەی بڕنامەو هێبازی سیاسی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا نەخشەی بنەڕەتیان هەیێ بێ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیێك کێ بازاڕی کارو کاری بکرێ بنەماکەی بەت و خاوەنداریەتی تایبەتی بەهەکانی بڕهەم هێنان و کڕینکەی سەرمایێ لێ چنگی کۆمایەتیەکدا زەوتکرابێت و سوربن لێسەر ئەوێی کێ دەبێت پاریزەری کۆمەڵگەیێک بن، نابێت ئینسانەکان یەکسان بن، نایەکسانی بیان واقعیەتێکی مێژویی و هەتاهەتاییە، ئۆپۆزیسیۆن بن یا دەسەڵاتدار، هیچ کات پێچەوانەی ئەو بڕنامەو سیاسەتیان جوڕە ناکەن، ئەو هەڵزانە ئەوەندە ئۆپۆزیسیۆن دەبن بەکو لێ هەلومەرجێکدا فرسەتی ئەویان بێ بەتە پێشەوێ لێبری پارتی و یەکێتی بێ هەمان هێبازی کڕینکەی

سەرمایە و چەوساوەی ئینسان خۆیان ببنە خاوەنی دەسەلات، بەڵام دۆخی سیاسی کوردستان لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١دا ئەو فرسەتەی تیا نەبو کە ئەم ئەپۆزیسیۆنە لەو ئاستەدا بێت بتوانن ببنە هێزی یەکەم لە دەسەلاتی سیاسیدا، بەڵکو لە ناچاریا چونەوە باوەشی پارتی و یەکێتی و بونە هێزکی پاشکۆ بۆ پاراستنی هەمان دەسەلاتی سیاسی.
ئێستاش دۆخی کوردستان کە جارێکی تر لە ئاستی بەرزی ناڕازایەتی بۆخۆیەوە نیشان ئەدات، ناڕازایەتیەک بۆ هەموو زمان و چێندین جاری دەربڕینەوە، جەماوەری تووڕەو ناڕازی داوادەکەن و دەڵێن ئەم دەسەلاتەمان ناوێت، ئەپۆزیسیۆنی ناو پەرلەمان و دەسەلات جارێکی تر سەرلەقیانەو لە هەوڵی ئەوەدان خەیان بکەنە خاوەنی ئەو ناڕازایەتیانە، هەبەتە لەم کێشە و بەیندا گیان بەجارێک نیشانەکانی شکست و ڕسوایی خۆی لەو مەیدانەدا نیشانداوە کە ئەو هەڵەی لە دەستدا تا بگوێ دروشمی ئۆپۆزیسیۆن جارێکی تر بتوانێ بتەوە مەیدان.
کەمێ و یەکگرتوش ئەم جارە فرسەتی ئەوەیان نابێت بە نوێژ لە مەیدانەکاندا لایەنگری لە ناڕازایەتیەکان بکەن، چونکە ڕوخانی دەسەلات لە خرۆشانێکی جەماوەری بەرفراوانەوە دەبێتە ئاپۆیەک، کە نوێژکردن ناتوانێ وەک شۆوازی ناڕازایەتی خۆی تیا بنوێنێت، گیان و ئیسلامیەکان ئێستا بە شکن لەو دەسەلاتەی ئایندەیەکی زۆر تاریک چاوەڕوانی دەکات، واتە پەویستە پێش ئەوەی بخلیسکێنە ناو ناڕازایەتیەکانەوە، دەبێت هەر لەئێستاوە هیچ جارە پەیوندیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە دەسەلات و پارتی و یەکێتیەو نەمێنێت.
ئەوەی جێگای تەماننە لێم نەوەدا "نەوەی نوێی" کە وەک هێزکی تازەی ئەپۆزیسیۆن لەمەیدانەکەدا گەمەی سیاسی دەکات، بەڵام جگە لە ڕخنە لە سەر گەندەڵی و بەدڕەوشتی و ناڕاستگۆیی...، مەبەستی نیە لەسەر گیانی پەکهاتەو سیستمی ئابوری کوردستان، ئابوریەک کەلەسەر چەوساوەی ئینسان لەسەر ئینسان دامەزراوە قسیەک بکات، پێش هەموشتێك سەرکی جوانەوەی نەوەی نوێ بە خۆی سەرمایەدارەو گەر دەسەلاتیش بگرێتە دەست، کە ناتوانێ بیگرێتە دەست، وەک نوێنەری سەرمایەدار کەمێگە بەڵێوە دەبات، پشت دەبەستێت بە کرێی کاری هەرزان لە بازاڕدا. با لەمانە گرنگین لە باری سیاسیشیەوە، دۆخێکە بە نەوەی نوێ لەو ئاستەدا نیە کە بتوانێ فرسەتی دەسەلاتی هەبێت، چونکە هەلومەرجی سیاسی کوردستان لە پەیوند بە هەلومەرجی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چونیەتی دەخالەتی ووڵاتانی زلهێزی دنیاو ووڵاتانی ناوچەکە، نەوەی نوێ ناتوانێ ئەو نمونەیە بێت کە لە باری هێزەنی سیاسیەوە پارێزری سەقامگیری دەسەلاتی سەرمایەبێت لە کوردستاندا، ئەوەی پارتی و یەکێتی ماوەی سی و یەک

ساڵە بە شێوەی ئەو پەیمانی نائینسانی و دژندە کۆمەڵگە بەجێو دەبان، لە هەمان کاتدا توانیویانە پارێزەری بەرژەوەندیکانی سەرمایەداران و بەرژەوەندیکانی وڵاتانی سەرمایەداری جیهان بن، سەرکی نێوی نوێ بەهەرجۆرێک بێتە دەرکەوتەیەک، دەتوانێ سەرمایەدارێکی ناوخێیی بێت، بەڵام ناتوانێ وەک سیاسیەک نوێنەری پارێزەری دەسەاتی سەرمایە بێت لە کوردستاندا، ناتوانێ لە نێو کەشمەکەش و شەڕی نێوان جەمسەرە ئیمپریالیەکاندا پێگەیەک بە خۆی بدەست بهێنێت، هەر بۆیە ناشتوانێ لە ئاستی بونی چەند ئەندام پەرلەمانێک زیاتر سیاسەتکانی بەرێتە پێشەوە، بەکو سەرکی بزوتنەوەی نێوی نوێ وەک سەرمایەدارێک خۆی پێویستی بە دەسەاتێکی پارێزەری بێت.

لایەکی ترەوە گەر بینەسەر هەنگاوەکانی ئەم دواییانەی نێوی نوێ کە بەدوای نێوی کۆنەوەیە، هەوێدات وەک هەڵەکی بارزی ئەپێزیسێن لە پێیوەند بە ناڕازایەتیەکانەوە دەرکەوت، بە شیوازێک دوبارەکردنەوەی هەنگاوەکانی بزوتنەوەی گەانە کەلە ١٧شوباتدا کاری لەسەر دەکرد، بەڵام لە دۆخێکی تەواو جیاوازدایە، یەکەم : هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە ئاوگەکی زەر جیاوازی هەیە لە چاو ٢٠١١دا، چاوەانیەکان ئەوەی تیا پێشبینی دەکرێت کە ناوچەکەو عەراق و کوردستان لە بەردەم پێشهاتێی تازەو ئاوگەکدایە کە جگەو ەگای هەڵە سیاسیەکانیش ئاوگەیان بەسەردا دێت، جوڵانەوەی نێوی نوێ لەو ئامادەییەدانیە کە بتوانێ لەو ئاوگەانەدا پگەیەکی بەهەز بەدەست بهێنیت. دووەم : گەر گەان توانی لەو دۆرەیەدا پگەیەک لە حکومەتی بنەکە فراواندا بۆخۆی بەدەست بهێنێت، بەمانای ئەوەبو کە پارتی و یەکێتی توانیان هەمان دەسەاتی سیاسی خۆیان بە هەمان پێکهاتەی دەسەاتی میلیشایی بپارێزن و گەانیش پشتیوانی لێکردن، بەڵام دەورانی ئەستا پێکهاتەی دەسەاتی سیاسی یەکێتی و پارتی لەبەرامبەر ئەو ئاوگەانەو قەیرانی سیاسی کە لە ناوچەکەو عەراقدا چاوەوان دەکرێت لە ژەر پرسیاردایەو لە قەیرانەکی قوڵدان، بۆیە جوڵانەوەی نێوی نوێ لەو حسابانەدا سەوداو مامەڵەی پێ ناکرێت.

نێوی نوێ بەو شێوازە خەرخوازیانەی بە جێی گەیاند، گەر هەر دۆرەکی لە چواشکاریدا ببینێت جەماوەرەکی بەدۆری خۆیدا گردکردبێتەوە، بەڵام ئەم دانیشتن و ەکۆتنانەی لەگەڵ لایەنە ئیسلامیەکاندا پێکیان هێنا، چەند هەنگاوێک گەانەوەیە بە دواوە، چونکە ئیسلامیەکان نێک نەیانتوانی بەو ەکۆتنانەی کاتی خۆی لەگەڵ بزوتنەوەی گەاندا ئەنجامیاندا نزیک بونەوە لە جەماوەری ناڕازی بەدەست بهێنن، بەکو وەک بەشێک لەدەسەات کەوتنە بەردەم

نا□□زایەتیە جەماوەریەکانەوە.
هەربۆیە ئاسانە گەیین بەو ئەنجامەی کە مانای ئەو هەنگاوانەی نەوەی نوێی ناچارکردوە بە □□کەوتن لەگەڵ ئیسلامیەکاندا وەیەکی ناشرینی خۆی نیشان بدات. یەکەم: بنبەستی سیاسی نەوەی نوێیە بە ئەو نەخشانەی کە چاوەڕوان بو جێگایە لە پەرلەمانی بەغدا یان لەگەڵ هیزێکی سیاسیدا پێگەیەک بە جوانەوەکە بەدەست بهێنێت، بەڵام قەیرانی پێکهێنانی حکومەت لە بەغداو ناکۆکی نێوان هێزە میلیشیاکان ئەو ئومێدەی نەوەی نوێی خستە لاوە. دووەم: دۆخی سیاسی کوردستان و قەیرانی دەسەڵات و نا□□شنی دۆخی هەڵبژاردن، ئومێدی نەوەی نوێ بەوەی کە ژمارەی کورسیەکانی زیاد بکات، بە ناکامی بەجێ ماوە، هەر بانگەشەیەک بە نەوەی نوێ دەبێتە خەرجی زیادە بە هەڵبژارنێک کە ئایندەکەی لە هەموو کات نادیارترە. سێیەم: ئاستی نا□□زایەتیە جەماوەریەکان بە خواستی □امایینی دەسەڵات لەوە واوترە کە نەوەی نوێ بتوانێت وەک ئەڵتەرنەتیفێک بێتە مەیدانەوە و بتوانێ نوێنەرایەتی نا□□زایەتیەکان بە چەواشەکاری بباتە سەر، خرۆشانی جەماوەری و □اپەرین، هەڵگرشە لە بەرژەوەندیە ئابوریەکان و سەرمایەی سەرکی نەوەی نوێش دەکات. هەر بۆیە نەوەی نوێ زیاتر دەکەوێتە سەرگەڕەو گەڕاوەکەو گەر زیادە□□یی بکات نێک پێگەی سیاسی، سەرمایەکەشی لە دەست ئەدات، هەر بۆیە لەم نەوەدا پێکهێنانی بەرەی لەگەڵ ئیسلامیەکان هەڵبژاردووە.

زانکۆمان بەچییە□؟!... فازیل شەو□□

لە بەی پێشەکی:
خوێندکاری بە□□ز، ئەوەی دەیخوێنیتەوە، پێخانە نووسراوەکی □□مانسیی قە□□مبەدەستەکی ئاشقی نیو باخ و چیمەنکانی زانکۆکان نییە. هەروەک گوتاری حکیمەکی ئەزموونداری تەریقەتەکی ژیاننا سیش نییە. بابەتەکەم، مەرام و مەبەستی ئەم نووسینەم، تەنها بە وروژاندنی چەند پرسیارێکە، تایبەت بەو دەزگایەیی پەیوەندی□□ن (زانکۆ)؛ پرسیارگەلێک کە پێویستە باڵاترین بەرپرسی ئەو دەزگایە، کە وەزا□□تی خوێندی باڵا و توێژینەوەی زانستییە، تا بەردەست و

باخەوان و پاسەوان و دەرگەوانی ئەو دەزگایە دەبە لە خەیانی بکەن. سنووری پرسیارەکان، تایەمان و تخوبی زانکەکانیش دەبەزنن و هووبەرووی باترین بەرپرسی ئەم هەرەمە دەبنەوە و شەدەبنەوە تا دەگەنە نەو مشک و هزر و هشی ئەو کەناسانەی خاشاکی دەوروبەری زانکەکان پاکدەکەنەوە.
ئەوەی لەرە دەیخوەنیتەوە، سەرچنیی چەند مانگێک لە گەان و سەراغی منە، لە نەو نوترین و باشترین کتەب و سەرچاوە، کە بە چەندان زمان نووسراون و وەک کولەرەی گەرم ئەستاش هاتا و بەنی تەندووریان لەدە ـــ چاپەکانیان هە ئەم دوو سە ساەی دواییە، واتا زانیاریی نوە، بیرەکەی سەردەمیانە، پەیامی هاوچەرخ و ئەزموونی پشکەتووترین زانکەکانی جیهان، کە نووسەر و لەکەلەر و مامەستای شارەزا و کارامە و پسپەە، قەمکارییان تەدا کردووە.

زانکە، یانی چە؟
لە زمانی ئەوروپایدا، ەچەەکی ئەو وشەیە دگەەتەوە بە سەر زمانی لاتینی دەرین (universitas)، کە بە واتای "دەستەیەک لە مامەستا و خوەندکار"دە. بەەام، وەک زاراوە، بەو دەزگایە یان مەبەند و جەگایە دگوترە کە خوەندن و پەروەردی ئاست بەرزی تەدا دەخوەندرە، بە پشتبەستن بە لەکەینە و توژینەوە و ساغکردنەوە، بە مەبەستی وەدەست هەنانی پلەیەکی ئەکادیمی باتا لە بەوانامەی بەکەلەریوس (undergraduate) و پلەی ئەکادیمی و پسەیە باتاکانی دیکە(postgraduate).
ەکخراوی یونیسکە، (جامعة القرویین)، کە لە شاری فاسی وەاتی مەغریبە، بە کەنترین زانکەی جیهان دادنە، لە ساەی (۸۵۹)، لەسەردەمی فاتیمییەکاندا دروستکراوە و ئەکادیمیانە بابەتی زانستی تەدا خوەندراوە و پلە زانستیی بە دەرچووانی بەخشیوە. هەرچەندە لە ئەوروپادا لە سەدەی شەشەمدا، قەشە و ەبەنەکان، زانکەی تایبەت بە خەندنی لاهوتییان هەبوو.
دەتوانین بەین، لە نەوان سەدەی پانزدەم و هەژدەمدا، زانکە، بە واتا زانستییەکەی، هات لە ئەوروپادا، لەسەر پە بوستە و گەشە بکات. بەەام تا کەتایی سەدەی نزدەم، پەی نەنایە ئەو قەناغەی کە پەدەوترە: قەناغی زانکەی مەدەرن، ئەوەبوو لەو ەژگارەدا دوو فەلسەفە، تایبەت بە زانکە، لە ئەوروپا بووە مەدەل: قوتابخانە یان فەلسەفەی زانکەی ئەمانی کە بە نموونەی (هەمبەلت) ناسراوە ـــ (Friedrich Wilhelm von Humboldt 1835- 1765)
بنەماکەشی سەکوچکەی:"سەربەستی، سیمنیار، تاقیگە" بوو. بەرانبەر قوتابخانە یان فەلسەفەی فەرەنسی، کەبونیاتنراوە لەسەر:"یاسا و

ڕەسا و لێپێچینەوە و جێوگرتنی خۆ کایەکانی خوێندنی زانکۆ."
ئیمڕۆش، کە پتر لە (٢٥) هەزار زانکۆ لە جیهاندا هەیە، دەستوور و شێواز و سیستمی جۆرەها فەلسەفەی پەروەردەکردن و بەڕێوەبردن پەیڕەودەکەن، تا ئەو ڕادەیەی کە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان "فەلسەفەی تایبەت بە خۆیان" بە زانکۆکانیان داشتوە و پەیڕەوی یاسا و ڕێساکانیان دەکەن. ـــ دواتر قسە لەسەر ئەم خاڵە دەکەین.

(4) ئامانجە ئاڵتونییەکەی زانکۆ:

ئامانجی یەکەم: زانست و مەعریفەی سەردەمیانە:
پێگەیاندن و پەروەردەکردن و ئامادەکردنی زانکۆییەکان(خوێندکاری زانکۆ) بە نوێترین و سەردەمیانەترین زانست و مەعریفە و زانیاریی کەرەستە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم، بە شێوەیەک کە بتوانن هاوتەریب و هاوسەنگ لەگەڵ وڵاتە پشکەوتووەکاندا هەنگاو هەڵگرن و لە بواری پسپۆرییەکانی خۆیان لێزانانە و کارامانە و سەرکەوتووکان ئەرک و پەیامەکانیان جێبەجێبکەن، ئەمە بە گشتی مرۆی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانیش هەر دروستە.

ئامانجی دووەم: ئابووریی بەهێز و تەکمە:
پشتیوانیی کردنی ئابووریی فرە لایەنی وڵات، لە بووژانەوە و گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی تیکڕای بواری جیاجیاکانی ئەو کەرتە بایەخدارەی وڵات، کە کۆگای دەوڵەت و کۆمەڵ و تاکی هاووڵاتیە. خەمڵین و پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووریی وڵات، ئیمڕۆ، ئەرک و خەمی گەورەی زانکۆکانە. لەوڕا، ئایندەی ئابووری و دارایی وڵات دەستنیشان دەکرێ و نەخشە و بەرنامە و ئایندەخوێندنەوەی بۆ دەکرێ. زانکۆ داینەمۆی بەڕێوەبردنی بازاڕی گەورەی وڵاتە.

ئامانجی سێیەم: بونیاتنانی ئایندە:
هەموو پێیام و ئەرک و کاری زانکۆ، ڕاستەوخۆ، لەخزمەت ئایندەی وڵات و مرۆڤایەتی دایە. ئەو زانکۆیە ژیان و ژینگە و خەون و دیدگاکانی ئایندە دەخوێنێتەوە و کاریان بۆ دەکات. نەخشە و پلان و پڕۆگرامەکان پتر بۆ ژیانی ئایندە و بونیاتنانی ئایندەی وڵات و جیهانە. زانکۆ داڕێژەر و دیزانسازیی هەموو نەخشەکانی ئایندەیە، لە گشت بوار و کەرتەکان پێویستە بە مرۆڤ و ژینگە و ژیانی داهاتوو.

ئامانجی چوارەم: بە گلۆبالیزمکردنی زانست و ئابووری:
سەدەی بیست و یەک، بە سەدەی عەولەمە و شاڕاوی بەسنووری تەکنۆژیا

پشکۆتووی سەردەم ناوزەند دەکرێ. هەموو دەرگا و پەنجەرەکان بە قووی تاک و کەمەدا کراوەتەوە و هەموو تەکنیکانی ژیان هێندە ئاڵۆزانە بۆیەکەوە بەستراونەتەوە کە مەحاڵە کەس بتوانێ گۆشەگیری یان دوورەپەرێزی بکاتە کونجی ژیانی خۆی. پەرژەوەندییە فرە لایەنەکان، تێکئاڵاوون و تێکسمەاون، پێگەی ئابووری، دارایی، تەکنەلۆژی، زانستی، تەنانەت ئەدەبی و هونەریش، کۆتوونەتە ژێر کۆنفی ئۆو دیاردە سەرتاسەرییەی جیهان. ئاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان عەولەمە و کەلتوور و داب و نەریت و ئایین و عورفی کەمەایەتی، هەشیاریی و بلیمەتیی بیرمەند و زانایانی گەرەکە. ئیمەش، لە دەرەوەی عەولەمەدا، ژیان ئەستەمە.

(٥) فاکتەرە سەرەکییەکەی زانکۆی ئاستبەرز:
هەقمانە بپرسین، ئۆو بنەما و فاکتەرانە چین، کە وادەکەن ئاستی زانستیی هێندە لە زانکۆکان، بە گوێرەی پلەبەندیی جیهانی زانکۆکان، هەمیشە لە ڕیزبەندی پێشەوە دابن؟ هەرچەندە بەرنامە و پڕۆگرام و سیستمی خوێندنی زانکۆکان، بەردەوام گۆڕانکاریان بەسەر دادێ و کاڕ بە کاڕ هەنگاوی پێشکەوتووتر و سەرکەوتووتر دەهاوێن، بەڵام، هەرنابێ لە خوێندنەوی سیستم و پڕۆگرامی (١٠)زانکۆ یەکەمینەکانی جیهان، سەروبندی هێندی لەو فاکتەرانەمان بۆ ئاشکرادەبن، کە ئەمانەن:

یەک: هاوسەرگیریی نێوان تەکنەلۆژیا و زانست:
مامەستا و خوێندکارانی زانکۆ و بابەتە زانستییەکان، هەر سەکیان بۆیەکەوە، لە هەموو خوێندنەوەیەک و لێکۆڵینەوەیەک و چالاکیی زانستییدا، ئاستەوخۆ، کەرەستە و ئامێر و داتا و زانیارییە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم بەکاردەهێنن. بە واتایەکی دیکە بەدەر لەو تەکنەلۆژیایە بایەخدارە، ئێوان دەست و پییان سندم دەکرێ و مەحاڵە بتوانن کارەکانیان سەرکەوتووانە ئەنجام بدەن و بگەنە ئۆو ئەنجامانەی کاری بۆ دەکەن. لەو زانکۆیانەی کەرەستەی تەکنەلۆژیی زەر پشکۆتوو و گران بەهایان، بە پێی پێویستی خۆیان لە بەردەستە. تاقیگەی زانستیی هۆیە لەو زانکۆیانەی کەرەست و ئامێرەکانیان لەسەرووی ملیۆن دۆلارە… .
ئیشکردن و ئەنجامدانی کارەکان لە نێوان مامەستا و خوێندکارەکان، مەرج نییە لە ژێر بنمیچی یەک پەل و هەڵدا ئەنجام بدرێن، بەڵام مەرجە، کارەکانیان هەروەرزی بێ، جا با هەر یەکەی لە جێگەیەکیش بێ، هەمووان لە ژێر فرمان و ڕێنمای و سەرپەرشتیاریی مامەستاکانیان دان. کارکردنی هەماهەنگی و یەک خەزانی، مایەیی

سەرکەوتنیانە.

دوو: داهێنان:
ئەگەر جاران، زانکەکان پتر خەریکی لێکۆڵینەوە بوونبن بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی خوێندکاران و بەاوکردنەوەی مەعریفە، ئەوا ئیمڕۆ زانکۆ دەبێ داینەمۆی داهێنان بێ. گۆڕان و سەراغکردن و لێکۆڵینەوە بە مەبەستی دۆزینەوە و کەشفکردنی (زانستی نوێ)، خەون و خەمی گەورەی ئەوانە. بە واتایەکی دیکە، جاران زانکەکان سەرقاڵی ئەو شتانە بوون کە بوونیان هەبوو، ئێستا دەبێ سەرقاڵی ئەو شتانەبن کە بوونیان نییە، هەتا بەڕادەیەک کەس دەستی بە نەبردوون و کەشف نەکراون. دەبێ زانکۆیی، شتێکی نوێ، بەرهەمێکی نوێ، ئامرازێکی نوێ، کارەستێکی نوێ دابهێنێ، جا با ئەو داهێنانە لە درووستکردنی کەوچکێکی چا، یان دەرزییەک یان بزمارێک بێ!
هووبەر و جیهانی داهێنانکان، بە قەد گەردوون فراوان و کراوەن. خوێندکار سەرپشکە، مەراقی چییە و چی لە دنیا خۆیدا گرتووە، گرنگ ئەوەیە بابەتێکی (نوێ) بخاتە بەردەست و بازاڕ. دەکرێ قەسیدەیەک، بەرنامەیەک، نەخشەیەک، ئامێرێک، بە ... کە بتوانرێت بەرائی داهێنانی بە وەرگیرێ. مامەستا، نمرە لەسەر داهێنان دادنێ، نەک پڕۆسەی سپی. جا چەندە داهێنانکە زانستییانە و پیشەسازییانە و شیاوی بازرگانی بێ، ئەوا ئەوەندە بەرزتر سەیر دەکرێ. هۆزانێ لە زانکۆ پێشکەوتووەکاندا، نزیکەی (١٣) داهێنانی نوێ و تازەبابەتە دەخرێتە بازاڕ.

س: دووانە ــ بابەتی:
هەروا باو بووە، خوێندکاری زانکۆ، یەک بابەت دەکاتە هشتەی سەرکی خوێندنی خۆی، وەک بابەتی فیزیک، بابەتی جوگرافیا، بابەتی فەلسەفە، بابەتی نەوت، بابەتی کارگێڕی... تاد. بەڵام لە زێر لە زانکۆ ئاستبەرزکاندا، بژاردەی دوو بابەتی ئیجباریین، لێکۆڵینەوەکان، دەریانخستوە، سەرقاڵکردنی خوێندکار بە یەک بابەت، توانای بیرکردنەوە و داهێنانی لاواز دەکا و زێر دەرگای بەڕووەدا دادەخا. دەبێ ئەو بیر لە شتی دیکەش بکاتەوە، و بزانێ چەن مامۆستایان لەگەڵدا دەکا. لەرەدا زێر بەڵای پسپۆڕانی ئەو زانکۆیانە جێگەی بایەخ بتوانن وا بکەن خوێندکار، دەستکی بابەتکی زانستی بە و دەستکەی دیکەی بابەتی هونەر و ئەدەبی و مرۆیی بێ. خوێندنی پڕۆفیشینالی جیاوازە لەگەڵ خوێندنی زانکۆیی سەردەم. دوو جیهانی سەربەخۆن.
چوار: خەفەرکردن تا مردن:

فەلسەفەی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی زانکۆی سەردەم بریتییە لە هاهێنانی زانکۆیی لەسەر بەدواداچوون و کۆشش و سەیکردنی دوای تەواوکردنی کالێژیش. بەخشینی بەوانامە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی زانکۆ، نابێتە زامن و گەرانتی سەرکەوتنی زانکۆیی. بەیە زانکۆی سەردەم هەوڵدەدات، خوێندکارانی بەردەوام بن لەسەر خوێندن و فێربوون تا مردن. ئەوان زانکۆییەکانی خۆیان وا پەروەردە دەکەن، کە هەمیشە، دوای دەرچوونیشیان، بەدوای زانیاریی و زانست و مەعریفەی نوێدا بگەڕێن و لە پیشە و کارەکانیانیدا پراکتیزەیان بکەن. تەنانەت، زانکۆ هەیە، داوا لەو خوێندکارانەی بەوانامەی ماستەر و دکتۆرایان وەرگرتوو، دوای چەند ساڵێک، بچنەوە بەرخوێندن و زانیارییەکانیان لەوە جێش بدەنەوە. زانکۆکان دەیانەوێ دنیا بەن کە ئاستی ئەو دەرچووانەی خۆیان، دوای چەندان ساڵێش، دانەبەزیوو و لەگەڵ گەشەکردنکاریی سەردەمەکەدا هاوتەریب بە پێشەوە دەڕۆن. ئیستا زانکۆ خوولی کراوە و بەردەوامی هەیە بۆ ئەو دەرچووانەی حەزدەکەن زانیارییەکانیان دەمەزرێد بکەنەوە و پتر گەشی پێبدەن.

پێنج: زامنکردنی باخێکی گەرموگوڕ بۆ زانکۆییان:
مەسرەفی خوێندن لە زانکۆدا، لە وڵاتانی ئەژاوا و ئەمریکا قورسە. زانکۆیی، جگە لە خەرجی خواردن و هاتوچۆ و پۆشاک و کەرەستە و داپۆیستی خوێندن و جێگەی خەوتن، ساڵانە، بە ئەژێی (٣٠) هەزار دۆلاری دەوێ. ئەو بڕە پارەیە بۆ خوێندکار زۆرە. بەیە بیریان لە سەرچاوەیەک کردووەتەوە، بۆ دەستگرتنی زانکۆکانیان. ئەمش بۆ یەکێک لەو ڕێگایانە: حکومەت، لە ڕێی بانک، کەمکی خوێندکاری هێندە زانکۆ دەکات، بۆ بەخشینی بڕپارەیەک بۆ کرێی خوێندن، هەرچەندە ئەو بڕە پارەیە کرێیەکە بۆ تەواوی پۆ ناکاتەوە بەڵام یارمەتییەکی باشە، ئەو کەمکە پێی دەگوترێ (Grant). یان هێندە کەمپانیا و کارگە، یارمەتی ماددی خوێندکار دەدات، وەک بەخشینی پێشینە، بەو مەرجەی کە زانکۆی تەواو کرد، لە لای ئەوان دابمەزرێ. سەرچاوەی سێیەم، ئەو دەزگا خێرخوازە زۆبڵاحانەیە، کە توانای بەخشینی کەمکیان بۆ خوێندکاران هەیە. ئەوان ساڵانە یارمەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە زانکۆییان دەدەن، بۆ تایبەتی ئەوانەی لە چینی هەژار و کەمدەرامەتکانن. زانکۆ هەیە گرێبەستی لەگەڵ کەمپانیە زۆبڵاحکان هەیە بۆ زامنکردنی کرێی خوێندکارکانی.

بۆچی زانکۆ بۆ بایەخترین دامەزراوەی پەروەردەیی دادەندرێ؟

زانکۆ بۆ بایەخترین و باڵاترین و پیرۆزترین مەبەند پەروەردەیی

دووەت و مرۆڤایەتی دادنەدرێت. هەرگیز وەک قەسر و تەلار و باخانەی بەرز و گەورە و فراوانی پر ژوور و پەل و هۆ و تاقیگە و باخ و چیمەن سەیر ناکرێت. زانکۆ ئەرگانێکی زیندووە لە جۆرێ کەمۆ و نەتەوە و مرۆڤایەتیدا، کە خاوەن ڕۆحی خۆی و دەنگی خۆی و جیهانی خۆیەتی، هەرچەند بەخۆی بەشیکە لە پێکهاتە ئەرگانیەکانی کەمۆ، بەڵام نەخشەدانەر و بریاردەری چارەنووسسازیی ئایندەی ئەو کەمۆ و داهاتووی کۆی مرۆڤایەتیە.
ئەو خەسڵەتانەی، ئەو مەقام و پێگە باڵا و پیرۆزیان بە زانکۆ بەخشیوە، زەرن، هەرە بەرچاوەکانیان ئەمانەی خوارەوەن:

یەک: مەجلیسی مامۆستای پسپۆڕ و شارەزا:
بەدەر لە دەستە و ستافی بەڕێوەبەرانی کاروباری زانکۆ، ئەو شوێنە مەزنە کەکەرەوە و دیوەخانی شارەزاترین و ئەزموونەدارترین و زاناترین مامۆستای پسپۆڕی وڵاتن. وەدەستهێنانی بەوانەمەی خوێندنی باڵا، خاوەنکەی ناکاتە مامۆستای سەرکەوتووی زانکۆ، ئەگەر ئەو مامۆستایە خاوەن ئەزموون و دید و فەلسەفە و تێڕوانین و حەز و توانستێی جوان و تایبەتمەند و مرۆڤدۆستانەی خۆی نەبێ. هەمیشە، دەبینین، باڵاترین و بایەختترین دامودەزگای مەدەنی و سەربازیی وڵات، کە کەشە و قەیرانێکی گرێکوێراوی یاخیان دەگرێ، هانا بۆ مامۆستای پسپۆڕی زانکۆکان دەبەن وەک ئاوڕێکرا و دەستگر و ڕێنیشاندەر. دەکرێ ئەو دیوەخان و مەجلیسە (کە زانکۆیە) ناوبنێین (گەمیوانانی ئەو کەشتییەی وڵاتکی لەسەر پشتە). لە وڵاتکی وەکو ئایرلەندا، لە نێوان (١٠٠) مامۆستای زانکۆ، سیفی یەک مامۆستا، ناوی دەردچۆ بە دامەزراندان. مەرجەکانیان قورسە، چونکۆ مەقامکی بایەخدار دەگرن. بۆیە لەو وڵاتەدا مووچەی مامۆستای زانکۆ، بە ئاژەیی ، بە یەک ئاژ(٢٥٠)دۆلارە.

دوو: ماڵی بەهێزترین توێژی کەمۆ:
خوێندکارانی زانکۆ، بە گشتی، ئەو کۆ و کچانەنە کە لە هۆتی تافی لاوی خۆیاندان و (١٢) ساڵێک ئەزموونی خوێندنی پشتریان هەیە. ئەو تەمەنە دیاریکراوە، قامتێک خەسڵەت و تایبەتمەندی بەوان دەدات، کە قەت لە هیچ توێژێکی دیکەی کەمۆ بوونیان نییە و بە هیچ ئامراز و وەسیلەیەکیش خەلق ناکرێ و داناهێنرێ ـــ تەنانەت بە زیرەکترین ئەبەتی دروستکراویش. ئەو دەستە کۆ و کچە گەنجە، لە پێپەی گۆشکردنی مشکدان و هزریان کراوەیە بە هەموو خوێندنێ و دەزینێ و داهێنانێکی نەبوو. ئەوان خاوەن بەهێزترین ماسوولکە و جەستە و بەرگری و لەشولارن، ئەوان، دەستەیەکی یەکجار خوێبین و

ئومێددار و هیواخوازن. ئەوا جگە لەوەی کە پردی نێوان دوو کەناری رووبارێکن کە دوو جەمسەری گرنگی کەمڵە بایەکەوە دەبەستنەوە، کەناری (هەرزەکاران و سەردەمی منداڵی) لەگەڵ کەناری (پێگەیشتووان و تەمەن هەڵکشاوەکانی کەمڵە). واتا، ئێوان بەردی قۆپان و ئاگری هاوسەنگی نێوان ئێو دوو بەشە بایەخدارەی کەمڵە و مرۆڤایەتەرین.

سێ: کەکەڕووەی هەر چوار ئیقلیمە:
لە نێو هەموو مەبەند و دامەزراوەکانی پەروەردەدا، تەنها زانکۆیە کە خوێندکاری هەرچوار ئیقلیمی وڵاتێک (یان جیهان) لە یەک شوێندا کۆدەکاتەوە و بایەکەوە ئاشنایان دەکا و پێکەوە کار و چالاکییش ئەنجامدەدەن. ئەمە خاڵێکی زۆر بایەخدارە، ئێو فەڵە ڕەنگیینە لە زەد و زمان و ئایین و ئایینزا و ڕەنگ و دەنگ و نەریت و کولتوور، بەخێی کتێبخانەیەکی زیندووە، هەمووان فڕێ دەرسی تایبەت دەکات. لە هەمووش گرنگتر، گۆڕینەوەی ئەزموونەکان و دید و بۆچوونەکانە، کە ڕەنگە ببێتە مایەی خەڵقکردن و داهێنان و دەزینەوەی (شتی) نوێ.

چوار: سەردوکانی عەتارانە:
جاران لە شارەکاندا، عەتار هەبوو، هەر شتێکت ویستبدایە و لەسەر هەرشتێک مەحتەل بووبای، لە لای ئێو دەست دەکەوت، ئەگەر شتەکەی نەشبووایە، لە سەفەری دواتریدا بۆ پایتەخت ، بۆی پەیدا دەکردی. ئیمڕۆ، زانکۆ، کتومت، وەک دوکانی عەتارەکۆ وایە، کەلەژ و بەش و سەکتەری تایبەتیان بۆ هەموو بوارەکان هەیە. لەو پڕەی ڕشتەکانی زانستی و تەکنەلۆژیەوە بگرە، تا ئێو پیری جیهانی ئەدەب و هونەر و کولتوور و بابەتە مرۆییەکان. ئەمەش جیگەی بایەخی زۆر مەزنە بۆ کەمڵە و دەوڵەت و مرۆڤایەتیش.

پێنج: گیرسانەوەی زەمەن لەوەدا لەپێناو مرۆڤایەتیدا:
ئێو دەزگایەی کە هەر (سی) پێکهاتەکەی زەمەن لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، زانکۆیە. (ئابردوو ــ ئێستا ــ ئایندە) لە یەک کات و پتر لە یەک جێگەدا، تۆژینە و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێ. هەموو قەناغەکانی تەمەنی مرۆڤایەتی، لە خەڵقەوە، بایەکەوە دەبەستراونەوە، بۆ مەبەستی تێگەیشتن و دەزینە و داهێنانی نوێ، بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی. لە یەک وانەدا ڕەنگ بۆ باسی چەرخی بەردین و ئیستا و داهاتووی پێنجا ساڵی دیکەدا بکرێ.

شەش: کانگا و سەرچاوە:
هەرچەندە ئیمڕۆ کتێبخانەی گشتی و کتێفرۆش زۆرن، بەڵام کتێبخانەکانی زانکۆ بۆ کولەژ و بەشەکانییەوە، بۆ سامانێکی

نیشتمانی بۆ بەشت و بەسوود و بایەخدار سەیردەکرێن. زۆربەی زانکۆ ئاستبەرزەکان، وەک کانگا و سەرچاوەی خۆ زانستەکانن. لەسەرتای (٢٠٢٠) کە پەتای کۆرۆنا بڵاوبۆوە، زانکۆکان پتر لە هەموو شوێنێک و تاقیگەیەک سەرقاڵی دۆزینەوەی چارە و ڤاکسین بوون. ئەمەش لەبەر زۆری سەرچاوەکانی بەردەست و تاقیگە.

حەوت: وەستگەی ئایندەسازیی:
داهاتووی وڵات و کەمەک و خۆ مرۆڤایەتی بەندە لەسەر دید و فەلسەفە و تەکنۆلۆژیا و هەنگاوەکانی زانکۆ، زانکۆ نەک هەر بریاردەرێ بەکو نەخشەدانەر و چارەنوس سسازیشە بۆ ئایندەی نەوەکان و هەرچی شتێ کە بۆ ئایندە بەستراوەتەوە. لە زانکۆدا پەیوەندی ئەمەک و ئوستەرەکان دەستنیشان دەکرێ، ئیمەک، لە زانکۆدا درێژی و پانی شۆقامەکی سەرەکی لە شارەکی نوێدا بریاری لەسەر دەدرێ، لەوێ، دیمەن و ڕوخساری دوای سەدیەکی داهاتوو، نەخشەی بۆ دەکێشرێ... ئەوەم وەک نموونەیەکی بچووک ئاماژە پێدا. ماستەرپلانی هەموو شوێنەکان، بۆ پشتیوانی پسپێرانی زانکۆ ئەنجام دەدرێن، هەر خشتی کادیری ئەو سەکتەر پێدەگەنێ.

هەشت: دامەزراوەیەکی سەربەست و سەربەخۆ:
خەسڵەتی هەرە بەرچاوی زانکۆ ئاستبەرزەکان لەوەدایە، ئەوان سەربەست و سەربەخۆن لە: بڕیوەبردن و سیستم و پڕۆگرامی خۆیان. هەموو مامۆستایەک ئازدە و سەربەستە و مافی تەواوی خۆی هەیە لە هەر بەرنامە و پڕۆگرام و تاقیکردنەو و ئەزموونێک کە خۆی بە باش و پێویستی دەزانێ. زانکۆ، بەخۆی دەوڵەتکی سەربەخۆیە یان خاوەن ئەتەنامی خۆیەتی لە هەر هەموو بریار و بڕیوەبردنی جومگەکانی کاروباری خۆی. قەت هیچ کەسێک، تەنانەت، سەرکەماریش، دەسەاتی دەست تێوەردانی کاروباری ئەوانی نییە. لەو وڵاتانەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ تێیاندا بەرقەرارە، ئەگەر هەژە، پیاوەکی ئاسایش یان پۆلیسێک یان سەربازێک پێ بنێتە نێو حەرەمی زانکۆ، ئەوا وەک ئەنجامدانی کوتادێک وایە و هەرای گەورەی بەدوا دادێ. تەنها وەزارەتی خوێندی باڵا و تەوژینەوەی زانستیی، خاوەن دەسەاتە بەرانبەر زانکۆکانی. زانکۆ بۆ خۆی ئاغا و کۆخای خۆیەتی.

سێ پرسیارەکە:

خوێندکاری بڕیز، ئێستا دوای، ئەو گوزارکردنە سەرپێیە، بە ناو وشەکانی ئەو بابەتەدا، هەوێبدە وەڵامی ئەو (٣) پرسیارە بدەوە و

ئەوجا بە ویژدانەوە، تەماوونینی خۆت بە (زانکە) دەربڕە:

پرسیاری یەکەم:
ئایا ئێستا دەتوانی جیاوازیی نێوان (زانکە کارتۆنییەکان) و (زانکە ڕاستەقینەکان) دەستنیشان بکەی؟

پرسیاری دووەم:
ئایا ئێستا گەیشتیتە ئەو قەناعەتە، کە ئەو زانکەیەی، کەسێک یان تاقمێک، لە دەرەوەی شوورەی زانکە، بەرەوەی دەبات و جێهێوی دەگرێ، مەحاڵە بتوانێ بگاتە ئاستی بەرز؟

پرسیاری سێیەم:
ئایا ئێستا درکت بەوە کرد کە بەچی ئەمە و مرۆڤایەتی پێویستیمان بە (زانکەی ئاستبەرز) و زانیت ئەمە زانکەمان بەچییە؟

ئەم بابەتە لە ژمارە (٤٣)ی گۆڤاری (ژیار)ی پەروەردەیی بەهاوکراوەتیی (٢٠٢٢).

بە نمایشی "کوردانی ئیزدی" دووەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "ئێستەنبووڵ" دەستی پێکرد

مەنسوور جیهانی ـ

بە نمایشی فیلمی سینەمایی "کوردانی ئیزدی" لە دەرهێنانی "ئاماسی مارتیرۆسیان" بەرهەمی ساڵی 1933 لە یەکێتی سۆڤیەت، دووەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "ئێستەنبووڵ" دەستی پێکرد.

دووەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "ئێستەنبووڵ" İstanbul بە پشتیوانی "کۆمیتەی سینەمایی میزۆپۆتامیا" Mezopotamya Sinema و بە بەرپرسیاریی هاوبەشی "تانەر تان" Taner Tan و "ئادار تاش"

Kurdên" ئێزدی کوردانی" فیلمی نمایشی بە ،Adar Taş
Amasi Martirosyan" یان سەرتیرماسی" ئامانی دەرهێنەری لە Êzidî
بەرهەمی ساڵی 1933 لە یەکێتی سۆڤیەت، بە نمایشی 30 بەرهەم لە
سینەماکارانی کورد و بە تەرکیز لەسەر سینەمای کوردیی، دوێنێ
پێنجشەمە 24ی مارچی 2022 لە شاری ئێستەنبوول لە تورکیا کرایەوە و
بە ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

لە ڕاگەیاندنی کۆمیتەی بڕیاردەری دووهەمین خولی فێستیڤاڵی
فیلمی کوردی ئێستەنبوولدا هاتووە: گرینگی و مانای هونەر؛ بە
تایبەت هونەری سینەما و هونەرکانی شانۆکاریی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا
بە باشی ناسراوە. خەڵکانی جیهان، زیاتر لە سەد ساڵە کە ناو و
شوناسی خۆیان لە ڕێگای سینەماوە لە جیهاندا پێکهێناوە، بەڵام
کوردەکان و کەمینەگای وەکوو کوردەکان ڕووبەڕووی بڕبڕستی زۆر
بوونەتەوە و بەردەوپشنچوونی سینەمای کوردیی بووەتە بەربەستێک بە
بەردەوپشنچوونی خەڵکی کورد و ئەم بارودۆخە هەشتاش بە شێوەی
جەراوجێر درێژەی هەیە و ئەمە لەگەڵ کەلتوور و هونەردا دژایەتی
هەیە. سینەمای کوردی لە سیاسەتکانی دەخ و چەنییەتی هاوشێوەبوون
بگرە تا دەرفەتە ماددی و مەعنەوییەکان؛ بەردەوام ڕووبەڕووی گرفت
و بەربەست بەتەوە. ئەم بارودۆخە دەتەزێنێ، هەشتاش بە لەککەوتن و
بەربەرست درێژەی هەیە. ئەمە وەکوو کۆمیتەی بڕیاردەری ئەم
فێستیڤاڵە، ئاگاداریی ئەم بارودۆخە هەین و هەر بەم پێیە،
دەمانەوێت دووهەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "ئێستەنبوول"
بڕیاردەرین. خەڵکی کورد لە هەر لایەنێک و بە کەلتوور و هونەریی
خۆیان لە خەباتێکی نەتەوایەتیدان. هیوامان ئەوەیە کە ئەمەش، چرای
ڕێگای ئەم کارە گرینگ و هەستیارە بین.

لە درێژەی ئەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: هەر بەم پێیە؛ لە ساڵی
2019 فێستیڤاڵی فیلمی کوردی ئێستەنبوولمان بە یەکەمین جار بە
پشتیوانی "کۆمیتەی سینەمایی میزۆپتامیا" و بە شێوەی ئۆنلاین
بڕیاردەبرد. پێش لە بڕیاردەچوونی یەکەمین خولی فێستیڤاڵ، بەمان
دەرکەوت کە سینەماکارانی کورد لە تورکیا ناتوانن بە ئاسانی
فیلمەکانی خۆیان لە هۆڵەکانی سینەمادا نمایش بکەین. تەنانەت
ئەگەر فیلمەکانیشیان نمایش بکرێت، بە ناچار سانسۆر دەکرێت.
ئێستاش بە شێوەی ڕاشکاوانە، ناتوانین بڵێین کە فیلمە کوردییەکان
ڕەنگی هەڵەی سینەما بۆخۆیانەوە دەبینن و لەڕاستیدا میکانیزمەکانی
سانسۆر و هێرۆهێرا قەدەغەکردن بە ئاوان لە قەناغی جەراوجەردا
بوونی هەیە و ئەم بابەت و گرفتە، هەشتاش درێژەی هەیە. بە

لەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەوانە دەماوەت سانسۆر، بەربەستەکان و ئاو سنووراندی کە دەنە سەر ڕێگای سینەمای کوردیی لادەین و تا ئاو کاتەی کە بتوانین لەی ڕزگار بین، درێژە بە ڕێگای خەمان دەدەین. بەجگە لەوانە، ئەمە دەماوەت ئەم فێستیڤاڵە، شۆنێک بێت بە سینەماکارانی کورد تاکوو بتوانن فیلمەکانیان تیایدا نمایش بکەن و بەرهەمەکانیان پێشکەش بە بینەران، هەگرانی سینەما و لایەنگرانی خەیان بکەن. هەر چەندە ئاوە یەکەمین مەبەستی ئەمەیە، بەڵام دەماوەت کوردەکان لە سینەمای جیهان، نوێنەری باش و شایستەی خەیان هەبێت و لە نێوان سینەمای کوردی و سینەمای جیهاندا پێوەندییەکانی باش و تەکەم و گونجاو پێکبێنین.

لە درێژەی ئەم دەقەدا هاتووە: دوای ساڵی 2019 و بە دوای بڵاوبوونەوەی پەتای قایرەسی کۆرۆنا کە بارودۆخی لەمجبووری لە سەرتاسەری جیهاندا پێکهێنا، ئەمە نەمانتوانی فێستیڤاڵەکەی خەمان بە شێوەی ئامادەبوون بەڕێوەبەرین. ئەمەکە بە بەرزاگرتنی جۆرێ فێستیڤاڵی ساڵی 2019، دەماوەت دووەمین خولی فێستیڤاڵ، لە ڕۆژانی 24 تا 29ی مارچی 2022 بەڕێوەبەرین. نزیکەی پێنج مانگ لە دەست بە کاریی ئەم ڕووداوە تێدەپەڕێت. لە هەڵبژاردنی فیلمەکان وەکوو کۆمیتەی فێستیڤاڵ، هەندێک پەورمان دیاریی کرد، ئاویش ئاوە بوو ئاو فیلمانەی کە لە چوارچێوەی بایخ مرۆڤایەتییەکان، سروشت و دیمەکراتیک وێنەگیرابن، بە گشتیی هەڵبژردران. هەڵبەت هەموو ئاو بەرهەمانەی کە بە ئەمە ڕەوانە کرابوون، گرینگایەتی تایبەت بە خەیان هەبوو و سوپاسی هەموو ئاو دەرهێنەرانە دەکەین کە فیلمەکانی خەیان بە ئاوە ڕەوانە کرد.

لە کۆتایی ڕاگەیاندنی چاپەمنییەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دووەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی ئێستانبووەدا هاتووە: 30 بەرهەم لە چوارچێوەی فیلمە بینەدە سینەمایییەکان، بەگە فیلم و کورتە فیلم لە دووەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "ئێستانبوو" نمایش دەکرێن. ئەم بەرهەمە هونەریانە لە سەرتاسەری کوردستان و زەربەی وڵاتانی جیهان کە کوردەکان تیایدا نیشتەجێین و ژیان بەسەر دەبەن، بە نووسینگەی فێستیڤاڵ ڕەوانە کراون و زەربەی ئاوان بە ئامادەبوونی دەرهێنەرەکانیان لە فێستیڤاڵ نمایش دەکرێن. هەروەها فیلمی سینەمایی "کوردانی ئیزدی" Kurdên Êzidî کە لە لایەن "ئاماسی مارتیرۆسیان" Amasi Martirosyan لە ساڵی 1933 لە ئەرمەنیستانی یەکێتی سۆڤیەت وێنەگیراوە و تا ئێستا لە تورکیا و کوردستان نمایش نەکراوە، فیلمی دەستپێکی فێستیڤاڵەکەی ئەمە

دەبێت. بۆ نمایشی ئەم فیلمە، دەمانەوێت چاوخشاندنەکمان هەبێت بۆ ئەزموونی کوردەکان لە مێژووی سینەمادا و ڕوانینەکمان هەبێت بۆ مێژووی نانووسراویی ئەواندا. لە شێوەی کردنەوەشدا، کەنسێپتی مەسیقاش پشکنین دەکرێت. کەبوونەوەیەک سەبارەت بە سینەمای کورد یەکەکەی دیکە لە بەرنامەکانی ئەم ڕووداوە هونەرییە دەبێت کە تیایدا سینەماکارانی کورد سەبارەت بە سینەمای کورد و گرفتەکانی خەیان پێکەوە ئاخاوتن دەکەن و بیروبۆچوونەکانیان دەخەنەڕوو، تاکوو لە بوارە جەراوجۆرەکانی سینەمادا گرفتەکانیان باس بکەن و ئایدیاکانی خەیان گۆڕپێبدەن. ئەم وەکوو کەمیتەی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "ئێستێنبوو" لە ڕۆژانی 24 تا 29ی مارچی 2022 چاوەڕوانی هەموو سینەماکاران و هەڤاڵانی سینەما و هەروەها خەڵکی خۆشەویستین.

بۆ زانیاری زیاتر:
https://drive.google.com/file/d/1agxgO4IhkvE19UPgPkd-DbgGS5rKWa_V/view

---

شیعر/ وەام... یونس تانج

کراین
بە قوڕپی شکاوی
فینجانێ شیرەک.
بە دار شەقڵی
هەڵدەراوی تیمارکراوەک.
بە فڕەنجی
پاش زریانێ تووکان.
باخاتی هەرمەکانت
بەخشیە بەدکاران
و
تاشە بەردی یادکی دوور
دیاری ئەمە
دێ
وەرێ

گ
بۆ چیتکردین
بۆ
نایەیتە
گ

2022-1-2
ی. ت

سەت بەردت لێ دوو بەت... شەماڵ بارەوانی

کەهەر دەڵێیت
بێ و
لێ جیاتی جارێک
هەزار جار ماڵئاوا

من
ئیتر نێ هەنراوەی خەم
و
نەشیعر بە دابەان
دەنووسم

نێ لەدەگەڵم
ئازار توخنی هەڕەمی
دەروونم بکەوێت
و
نێ گەرانیش بە ئیشقێکی
شکست خواردوو
دەچەم

تێ شایەن نیت
بە دیار ئەلبوومی بیرەوەریەکانت

دانیشم و
ئەشکت بۆ بۆژم

بۆ ئازیز
کەهەر دڵێیت
زوو بێ
و
ستت بەردت لێ دوو بێت